# بۆپێشەوە

FORWARD

بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

**دۆسیەی ژمارە**



**٣٢ ساڵ بەسەر تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا... دیمانە لەگەڵ محەمەد حەمە ڕەزا و ئەردەلان هەڵەبجەیی لە لاپەڕەکانی 12-11 بخوێننەوە...**


سالی سێهەم ژمارە (71) 15/3/2020 — مانگی دووجار، لە (1)و(15)ی هەموو مانگێکدا دەرئەچێت — بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستیە


# ڕژێمی بەعسی قەومی بەرپرسی سەرەکی تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەیەو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیش بەشدارن لەو تاوانکارییەدا!



١٦/٣ ئەمساڵ ٣٢ بەسەر تاوانی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت. بەسەر تاوانکارییەکدا کە تیایدا بە هەزاران ئینسان لە چاوتروکانێکدا، لە کیمیایی هەڵکێشران و ژیانیان لێ سەندرایەوە. تاوانێک کە هەموو بوونەوەرێکی ژەهراویکرد و ژینگەی سیغناغ کرد لە ژەهر.

ئەم جینۆسایدە جەرگبڕە، لە کاتێکدا ڕوویدا کە جەنگی عێراق و ئێران لە کۆتاییەکانی خۆی نزیک دەبووەوە، لە کاتێکدا ڕوویدا کە بزوتنەوەی ناسیونالیستی کوردو حزبەکانی، لە ململانێی خۆیان لەگەڵ دەسەڵاتی فاشیستی بەعس، پاڵیان بە ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێرانەوە دابوو تا لەو ڕێگایەوە بەشی دەسەڵات لە ڕژێمی بەعس وەربگرن. وە لەو چوارچێوەیەدا بوونە پێش لەشکری پاسدار و هێزەکانی کۆماری مەرگ و خوێن بۆسەر هەڵەبجە. ڕژێمی بەعسیش کە دەستی لەهیچ تاوانکارییەک لەدژی ئازادیخوازان لە عیراق و خەڵکی شۆرشگێری کوردستان نەدەپاراست، پێش لەشکری هێزەکانی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی کردە پاساو و بیانوو بۆ کیمیابارانکردنی هەڵەبجە. سەرئەنجام لەم تاوانە دڕندانەیەدا بە هەزاران ئینسانی بێتاوان بوونە قوربانی و گوردانێکی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانیش کەوتنە بەر ئەو پەلامارەو ئەوانیش ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکانیان گیانیان لەدەستدا.

ئەم ڕووداوە لە هەلومەجێکدا پێکهات، کە دنیای بەرژەوەندخوازی سەرمایەو سەرمایەداری لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا لەگەڵ دەوڵەتی فاشیستی عێراقدا بێدەنگەیان هەڵبژارد و چاویان لەو کردەوە ئینسان کوژییە بە کۆمەڵە نوقاند. ئێستا کە ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو تاوانەدا تێدەپەڕیت، وە لەکاتێکدا کە هێشتا زامی هەڵەبجە زامێکی هەتوان...

بۆ لاپەڕە ٢

## سەبارەت بە ئەزموونی بزوتنەوەی شورایی بۆ بۆپێشەوە دەوێن




ئازاد مەجید



عەلی عەبدولکەریم

ل9–10



## دنیا لەهەمووکات زیاتر پێوستی بەمارکسە!...ل5

## دەزگای پاراستن و زانیاری فەرهودی داهاتی گشتی دەکەن و بزوتنەوەی گۆرانیش ئامارەکانی دەخاتە ڕوو...ل2

## هەڵەبجە...H2+02 ...ل3



## چارەسەر شۆڕشە بۆ نەمانی کرۆناکانی سەردەم! ل8

## مەراسیم و ئاکسیۆنەکانی ٨ مارس، نمایشێکی مەزنی ژنانی ئازادیخواز...ل3



## پرسی ژن ؟ ل6



## زیانەکانی چین و ئابووری جیهانی و کۆرۆنا...ل4

## کۆشەی ئەدەب و هونەر ل7

## دریژەی وتەی ژمارە...

نەکراوە، تاوانی قڕکردنی شەنگال لە ساڵی ٢٠١٤دا، کەلەلایەن داعشەوە ئەنجامدرا، نەک هەر زامی قوڵی کارەساتی هەڵەبجەی کولاندەوە، بەڵکو هاوکات دیسان ڕۆڵی حزبەکانی بۆرژوازی کوردیشی نیشان دایەوە، کە هەمیشە بەشێکی بەشدارن لەو تاوانانەدا. ئاخر پێشتر دەزانرا داعش رووبکاتە هەر سەرزەمینێک حکومی خودا و قورعان بەسەرە نیزەی ئیسلام دادەسەپێنێ، بەڵی لەوەها حاڵەتێکدا کە هێزێکی زۆری پێشمەرگەو زێرەڤانی لەو شارە بوون، لەگەڵ هاتنی داعش رایان کرد، بێئەوەی راکردن یان پاشەکشە!!ی خۆیان بە جەماوەر رابگەیەنن تا ڕێوشوێنی خۆدەربازکردن بگرنە بەر و ئەو کارەساتە دڵهەژێنە بەدوای خۆیدا نەهێنێ. بەڵی خەڵکی شەنگالیان بەدەستی بەستراوەوە بۆ هیزە دڕندەکانی داعش بەجێ هێشت، کە بووە هۆی کوشتاری بەکۆمەڵ، ئیغتیساب و سەربڕین، ڕفاندنی هەزاران کەس و بەتایبەتیش ژنان و پاشانیش کڕین و فرۆشتنکردن بە ژنانی دەستبەسەرکراوەوە. ئەم تاوانەش، ئەو ڕاستیەی خستەوە روو، کە بەجیا لە دڕندەیی رژیمی بەعس و هاوشێوەکانی، بەجیا لە دڕندیی داعش و هاوشێوەکانی، حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی هاوبەشی ئەو تاوانانەن و تاوانبارن. تاوانباری ئەم حزبانە لەم رووداوانەدا، هەر کاتی تاوانەکە نییە، بەڵکو دواتریش لەدرێژەی بەشدارییان لە تاوانەکاندا، دەست لە تاوانباری بەرنادەن. کەیسی هەڵەبجە و شەنگال و دۆسیەی هەموو کارەساتەکانی تر دەکەنە ڕێگا و بەردەبازی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانیان. وەکو کارت و سەرمایە بۆ سات و سەودا لەگەڵ لایەنە تاوانکارەکان و وڵاتە چنگ خوێناویەکانی پشتیان و ناوچەکە... بەدەستەوە دەگرن.

لەوەش واوەتر لەژێر ناوی ئاوەدانکردنەوەو قەرەبووکردنەوەیدا، ئەو ناوچە و شوێنانە دەکەن سەرچاوەی دزی و تالانی. هەموو ساڵێک یادی کارەساتەکە دەکەنە بەخشینەوەی بەڵین، بەڵام لە دنیای واقعیدا، خۆیان لەهەموو بەرپرسیارییەتیەک دەدزنەوە. ئەوەی کەدوای ٣٢ ساڵ، هێشتا تۆمەتبارانی بەشدار لەو تاوانکارییەدا نەدراونەتە دادگاو لێپرسینەوە، هێشتا ژمارەیەک لەو تۆمەتبارانە ئازادن یان بەپرسی حزبین، هێشتا پرسی بە جینۆساید ناساندنی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەشوێنی خۆی نەگەیشتووە، هێشتا دەوڵەتی عێراق ناچار بە دادگاییکردنی تۆمەتبارانی نەکراوەو خۆی لە قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە بێدەنگ کردووە، هێشتا بە وردی نازانرێ ژمارەی کوژراوەکانی هەڵەبجە چەند بووە؟ چەند بریندار بووە؟ چەندی ژن و مناڵ، یان پیاو بەتەمەن بووە؟ ژمارەی ونبووەکان چەندە؟ چەند کەس لە بریندارەکان گیانیان لەدەستداوە؟ ژینگەی هەڵەبجە و ئاو و هەوای ئەو ناوچەیە چ کاریگەرییەکی ئەو کیمیایەی لەسەرە؟ دەیان پرسیاری تر... دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد دەخاتە بەردەم لێپرسینەوەی یاسایی و جەماوەرییەوە. لەوانەش واوەتر، سەرباری بەخشینەوەی ئەو هەموو وادەو بەڵینانە، هێشتا هەڵەبجە و زیندووەکانی هەڵەبجە، لە دۆخێکی نەخوازراودان، هێشتا سیمای شارێکی ئەم سەردەمە بە هەڵەبجەوە نابینرێ. هێشتا جادەو ڕێگاو بان، پارک و ڕێژەی سەوزایی، شوێنی سەرگەرمی بۆلاوان و تازە لاوان، ئایندەیەکی ئینسانی بۆ بەساڵاچوان... نابینرێ.

به پارێزگاکردنی هەڵەبجە، نەک نەیتوانیووە، دەردە بێئەژمارەکانی هەڵەبجە دەرمان بکات، بەڵکو ئەم بریارە چونکە خودی دانیشتوانی هەڵەبجەو خزمەتکردنیانی ئامانج نییە، چونکە لەراستای قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە و بەرەوابینی بە پارێزگاکردندا نییە، بۆیە هێشتا بریندارانی هەڵەبجە بەدەست زامی هەڵەبجەوە دەناڵێنن. هێشتا کەسوکاری قوربانیانی هەڵەبجە دەکرێنە چاوچنۆکی دەسەڵاتێکی مافیایی و ژیان و گوزەرانیان شایستەی ئینسانی ئەم سەردەمە نییە. هەڵەبجە تا ئەو شوێنە لای دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی پیرۆزە، کە وەکو سەرچاوەی سواڵی سیاسی، سواڵی داهات، سواڵی زەلیلی لەبەردەم نەیارانیاندا، پیشان بدەن.

ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەگەڵ خەڵکی قەسابی کراوی کوردستان بەگشتی و هەڵەبجە بەتایبەتی، بەردەوام زامەکانی خەڵکی کوردستان دەکولێنێتەوە. ئەم ڕەفتارو مامەڵەیە، هەمیشە تاوانەکان بە زیندووی دەهێڵیتەوە. خەڵکی کوردستان بەگشتی و بەتایبەتی تریش خەڵکی تاوان دیدەی هەڵەبجە و شوێنەکانی تری کوردستان، نابێت هیچ جۆرە خۆشباوەڕییەکیان بەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و بەڵینە پوچەکانیان هەبێت. پێویستە بە هێز و ئیرادە نواندنی خۆیان کەیسی هەڵەبجە لەدەستی ئەو حزبانە دەبهێنن و خۆیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە، بۆ بەدادگا کیشانی تۆمەتباران، بۆ بەجینۆساید ناساندنی لەئاستی کۆمەڵگەی نێوەدەوڵەتیدا، بۆ ناچارکردنی دەسەڵات لەبەغدا بۆ قەرەبووکردنەوەیان، تا هەوڵدان بۆ پاککردنەوەی ژینگەی هەڵەبجە و بەتەنگەوە چوونی بریندارانی هەڵەبجە تیبکۆشن و لەو خەباتەشدا ئوردوی جەماوەری ئازادیخوازو ئینسان دۆست و بە پشتیوانی سەرەکی خۆیان بزانن. لەگەڵ ئەو ئۆردووەش بۆ کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی تاڵانچی بزوتنەوەی کوردایەتی تیبکۆشن کە هەم لەتاوانی هەڵەبجەدا لەپاڵ رژێمی بەعسدا تۆمەتباران و هەم دوای کارەساتی هەڵەبجەش، بە درێژەدان بە ستەم و بێمافی و چاونووقاندن لە تۆمەتباران، تاوانبارن.

# دەزگای پاراستن و زانیاری فەرهودی داهاتی گشتی دەکەن و بزوتنەوەی گۆڕانیش ئامارەکانی دەخاتە ڕوو...

بەگوێرەی ئامارێک کە ژووری لیکۆڵینەوەی ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان خستویەتە روو، و محەمەد رەئوف ئامادەی کردووە، هەردوو دەزگای پاراستنی پارتی و زانیاری یەکێتی دەستیان خستۆتە ناو خەزێنەی گشتی و فەهودی داهاتی هاوڵاتیان دەکەن. گومانی تیا نییە کە هەرکام لە دەزگای پاراستن و زانیاری دوو دەزگای حزبین و دوورو نزیک نە دروستبوونیان سەرچاوەکەی ئاسایش و ئارامی هاوڵاتیانە و نە هیچ کاتیکیش بوونەتە جیگای متمانەی هاوڵاتیان. هەموو تاکێکی ئازاد و هوشیاری کوردستان دەزانن، کە ئەم دوو دەزگایە دوو دەزگای جاسوسی حزبی و سەرکوتگەرن... دوو دەزگان کارنامەیان سیخناخە لە رفاندن

**ئەمەش خەرجیەکانی پاراستن و زانیاری لە بودجەی گشتیدا ..؟؟؟**

ئا : محەمەد رەئوف

2ملیارو 100ملیۆن دینار بۆ رابواردنی فەرمی... دەکات 170 دەفتەر دۆلار
3ملیارو 230ملیۆن بۆ کرێی بینا ............ دەکاتە 300دەفتەر دۆلار
1ملیارو 700ملیۆن بۆ کرێی تەلەفۆن و ئینتەرنێت.... دەکاتە 140دەفتەر
1ملیارو 100ملیۆن دینار بۆ خزمەتگوزاری دیکە.... دەکاتە 91دەفتەر
10ملیارو 100ملیۆن بۆ کۆڕو کۆبونەوە......... ....دەکاتە 841دەفتەر
600ملیۆن بۆ پاککردنەوەی پاراستن و زانیاری..... دەکاتە 50دەفتەر
10ملیارو 50ملیۆن کڕینی ئۆتۆمبیل............. .دەکاتە 830دەفتەر
1ملیار دینار بۆ چاککردنی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر..... دەکاتە 83دەفتەر
85ملیار بۆ خەرجی دیکە تەرخانکراوە............ دەکاتە 6800دەفتەر
600ملیۆن بۆ ئیشتراکی رۆژنامە .......... ......... دەکاتە 50دەفتەر
150ملیۆن بۆ ئالیکی ئاژەڵ تەرخانکراوە .......... دەکاتە 12دەفتەر
1ملیارو 400ملیۆن بۆ قرتاسیە ................ ...دەکاتە 116دەفتەر

لە ژووری لێکۆڵینەوەی ئابوری بزووتنەوەی گۆڕان وەرگیراوە

و شوێن بزکردن، تیرۆر و سەرکوت و ترساندن و گورزێک بۆ خامۆشکردنی دەنگە نارازی و ئازادیخوازەکان و جوڵانەوە جەماوەرییەکان بەدژی هەردوو دەسەڵاتی تاڵانچی پارتی و یەکێتی.

ئەم دوو دەزگایە بەپێی ئەم ئامار و لێکۆڵینەوەی ژووری ئابوری بزوتنەوەی گۆڕان، بەشێکی خەیاڵی لەداهاتی هاوڵاتیان بۆخۆیان دەبەن و بەو هۆیەشەوە خۆیان قەڵەو و تەیار دەکەن، تا خودی هاوڵاتیانی نارازی و ئازادیخوازی پی بترسێنن و سەرکوت بکەن. دیارە ئەمە تەنها گۆشەیەک و ڕێگایەکی دزی حزبەکانی دەسەڵاتە لە داهاتی گشتی، و دەیان ڕێگەو کەلێنی تریشیان هەیە، بۆ دزی و تاڵانی کە میدیا و ماسمیدیا ڕۆژانە دەیخەنە روو... ئەوەی جێگا سەرنجە و دەتوانێت، پەیامی پوچی ئۆپۆزیسیۆنیش بخاتە روو ئەوەیە، کە ئەو ئۆپۆزیسیۆنە لەوانەش بزوتنەوەی گۆڕان، کە بەدەیان دۆسیەو بەڵگەی دزی وتاڵانی تری پارتی و یەکێتیان لەبەردەستە، بوونەتە بەشێک لەو دەسەڵاتە تاڵانچی و فەرهودچییەو بانگەشەی چاکسازی دەکەن... هەر هیزێکی سیاسی کە هەڵگری کەمترین پرانسیبی سیاسی بێت، ئەگەر خۆی لە بنەرەتەوە بەشیک نەبێت لەو دزییە و چاوپۆشیکردن لەو تاڵانییە، ناتوانێت بەشێک بێت لەو دەسەڵات و حکومەتە... ئامارو ئەرقام نیشاندان، تویژینەوە و لیکۆڵینەوە لەسەر دزییەکانی دەسەڵات، ڕەوایەتی نادات بە هیچ هێزێکی سیاسی کە ببێتە بەشیک لەو دەسەڵاتە و شانیشی لەو فەرهودە خاڵی ناکاتەوە... هیزێکی سیاسی ئەگەر کەمترین خەمی داهاتی هاوڵاتیانی هەبێت ئەو بەڵگەنامەیە کافییە بۆ ئەوەی حکومەت و دەسەڵات جێ بهێڵیت.

## لە بۆپێشەوەوە

* بابەتەکانی بۆپێشەوە، جگە لە"گۆشەو تەوەرەی تایبەت" بەگشتی تەعبیر لەخەتی سیاسی و فکری و دونیابینی کۆمۆنیزمی مارکس و کۆمۆنیزمی کرێکاریی دەکات.
* بۆ پێشەوە، هیچ بابەتێک بڵاوناکاتەوە، کە پێشتر لەشوێن و کەناڵی بینراو و بیستراو و نووسراودا... بڵاوبوبێتەوە.
* بابەتی بڵاوبووەوە لە بۆپێشەوەدا، ئەوکاتە لەلایەن خاوەنەکەیەوە مافی بڵاوکردنەوەی هەیە، کە بۆپێشەوە بڵاوبوبێتەوە. ڕاسپاردەی بۆپێشەوەیە، کە خاوەنی بابەتەکە ئاماژە بەناو و ئەو ژمارەی بۆپێشەوە بدات، کە بابەتەکەی تیادا بڵاوبۆتەوە.
* درەنگ ناردنی بابەتەکان، لەکاتی ڕاگەیەندراوی خۆیدا، شانسی بڵاوبونەوە لەدەست دەدات.

# هەڵەبجە...... H2+02

جمال نوری



لەڤیستڤاڵی یەکەمی هەڵەبجەی شەهید لەساڵی 1992 ، ئەوکات سەرگەرمی کاری ڕۆژنامەگەری بووم، بەنیازی ئەنجامدانی ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەنووسی بووم بۆ ئەو یادە .

لەوێندەرێ سەرکردەی هەموو حزبەکانی بەرەی کوردستانی هاتبوون، ڤیستڤاڵ دەستی پێکردو بۆ یەکەمجار هونەرمەندی گۆرانیبێژ (ناسری ڕەزازی) لەسویدەوە، گەڕابووە کوردستان و بەشداری ڤیستیڤاڵەکەی کرد، سرووودی (هەڵەبجە هێرۆشیمایە)ی لەوێ چڕی.

دوای تەواوبوونی لەگۆرانیەکەی بە هەلێکی باشم زانی دیدارێک لەگەڵ ناسری ڕەزازی ئەنجام بدەم، دوایی وتوێژکردن پێی وتم وەرە بۆ ئوتێل (ابو سەناء) ی سلێمانی، چاوپێکەوتنەکە ئەنجام بدە،

پاشان لەناو ئاپۆرەی خەڵکیدا، چاوم کەوت بە کەسێکی بیانی بەناوی (جیمی),خەڵکی (نیقۆسیا)بوو، پێم وت;-

+هەڵەبجە چۆن دەبینی؟

_ وتی مەبستت چییە؟

+وتم :- واتە کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە چۆن دەبینی؟

"چەند لاپەڕەیەکی سپیم بەدەستەوەبوو،

وەرەقەیەکی سپی لێوەرگرتم و بەقەڵەمەکەی دەستی نووسی" .

H2+o2------------>H2O

_وتی لەم هاوکێشەیە تێ دەگەی ؟

+وتم:-

بەڵێ لە وانەی کیمیا لەبەشی زانسستی خوێندومانە .

_وتی:-

ئەو هاوکێشەیە، هاوسەنگە؟

+وتم:- نەخێر .

_وتی کەواتە جارێ ئاوت دەست نەکەوتوە؟

+وتم :-بەڵێ جارێ ماددەکان تەفاعلیان نەکردوە؟ وتی دەی چۆن تەفاعل دەکا؟

+وتم 2 بۆلای چەپی هاوکێشەکەو 4 بۆ لای ڕاستی هاوکێشەکە دائەنرێ و دواتر ئاو دێتە بەرهەم .

_وتی هەموو جیهان دەیانزانی عێراق چەکی کیمیایی هەیە، بەڵام ئەوەی ڕێگای بۆ خۆشکرد عێراق چەکی کیمیایی بڕێژێ ئەوە سەرانی کورد خۆی بوو، چونکە لەودەمەدا بوونە پاڵپشت و هەماهەنگی بۆ ڕژێمی ئێران و هاتنە ناوەوەی سوپای پاسداران بۆ ناو سەنتەری شاری هەڵەبجە، کە لەودەمەدا عێراق دۆستی ئەوروپاو ڕوسیاو ئەمریکاش بوو هەموویان دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران بوون، بۆیە هیچ کاردانەوەیەکیان لەودەمەدا نەنوناندو گوێی خویان لەئاست ئەو تاوانکارییە بێ وێنەیە لێ خەواند؟ بەڵام:

+پێم وت :- ئەی ویژدانی مرۆڤایەتی لەکوێی ئەم معادەلەدایە؟

وتی:- لەهیچ کات و سەردەمێک پرسی ئینسانی لەمعادلە سیاسی و ئابوریەکاندا خۆیان نابیننەوە، تا بەرژەوەندییە ستراتیژیەکان وەستابن پرسی ئینسانی محەلی لە ئیعرابدا نییە؟

+وتم:- ئەی قوربانیدانی خنکاندنی ٥ هەزار لە منداڵ و ژن و جوان و باڵندەو ئاژەڵ و کانیاو ڕەزو باخ و چوزانم ...لەئەستۆی کێ دایە؟

-وتی تەواوی قوربانیەکان لەئەستۆی وڵاتانی ئەندام لەئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی جیهانی و عالەمی عەرەبی و تەواوی ئەو کۆمپانیایانەی چەکی کۆکوژیان بەعێراق فرۆشتوەو بەرهەمیان هێناوە لەگەڵ بکەرانی هەڵگیرسانی جەنگی (عێراق -ئێران), لەگەڵ سەرانی کورد خۆی تاوانبارن لە بەکارهێنانی کیمیایی هەڵەبجە!


بەڵام ڕیپۆرتاژەکەم هەر ئەوکات لەلایەن بەرەی کوردستانی و ئاسایشیەوە کاسێتەکەیان لێ سەندم و نەیانهێشت بیبەمەوە، بەڵام لەڕۆژنامەکەش هیچ هاوکارم نەبوون بۆ بڵاو کردنەوەی ڕاستیەکان!

# مەراسیم و ئاکسیۆنەکانی ٨ مارس، نمایشێکی مەزنی ژنانی ئازادیخواز...

بە بۆنەی هەشتی مارس، ڕۆژی نارەزایەتی و نەفرەت لە هەڵاواردنی جنسی و بێمافیەکانی ژنان، بزوتنەوە ژنانە ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکانی ژنان و ڕێکخراو



و کۆڕو کۆمەڵەکانیان، لە نمایشێکی بێ وێنەدا، لە ڕێگای کۆبونەوە، ڕێپێوان، مەراسیم، ئاکسیۆنی ملیۆنیدا، نەفرەتی خۆیان بەرووی بیمافی و کۆنەپەرستی و



ستەمی زاڵمانەی نیزامی سەرمایەدارییدا خستە روو. هەشتی مارسی ئەمساڵ، ژنان لە عیراق و کورستانەوە، بۆ ئیران و تورکیا و لوبنان و ئەفغانساتان و یەمەن، تا وڵاتانی ئەوروپا، تا دەگاتە هیندوستان و چیلی و فلیپین و تایلاند و ئیندۆسنسیا و دەیان وڵات و دەوڵەتی تر...




هاتنە مەیدان و نمایشی هیز و توانایی خۆیان کرد.

لەم مەراسیم و ئاکسیۆن و کۆبونەوانەدا، ژنان لە زوربەی وڵاتان و گۆشەو کەنارەکانی دنیادا، نەک تەنها بۆ خواستەکانی خۆیان و بۆ داسەپاندنی مافەکانیان، نەک تەنها بۆ راوەستانەوە بەرووی کۆنەپەرستی و نابەرابەی جنسیدا، نەک تەنها بەدژی یاسا و ڕێسا دژە ژنەکاندا، بەڵکو لە پاڵ پیاواندا بە دژی دەسەڵات گەندەڵ و دزەکاندا، بەدژی دەسەڵاتی سیاسی سەرکوتگەردا، هاتنە مەیدان و بەمەش نیشانیان دایەوە، کە ئالوگۆری راستەقینە لەهەر کۆمەڵگەیەکدا، بێ بەشداری ژنان



ناتەواو ناسەرکەوتووە... نیشانیان دایەوە کە لاباڵێکی سەرەکی هەر ئالوگۆر و هیزی بەدەستهێنانی



داخوازییەکانن. وە نیشانیاندا کە بەشێکی سەرەکی لەو شەپۆلی نارەزایەتی و راپەرین و شۆرشانەن کە



بەشێکی زۆری وڵاتانی ئیستای دنیای داگرتووە.

ئەم هاتنە مەیدانەی ژنان لە هەشتی مارس و ئەو بەشدارییە فراوانەی لە راپەرین و شۆڕشەکانی ئێستادا



هەیانە، ئومێد بەخش و جێگای پشتیوانی هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئازادیخوازانەو ئینسان دۆستانەیە...



# زیانەکانی چین و ئابووری جیهانی و کۆرۆنا...

کەیوان نوری

له ١١ سێپتەمبەردا تەنها ٣ ڕۆژ بازاڕەکانی ئەمریکا له جوڵه کەوت. وەستانی بازاڕ بەو مانایەیە کە سەرمایە لە شێوازی پرۆسەوە دەچێتە حاڵەتی شتێکی بێ جوڵە، کە ئەمە بۆخۆی یەک لە دژیەکی ناوخۆییە بنەڕەتیەکانی سەرمایەیە. لەو دۆخەی ئەمریکادا بازاڕکردن و کڕین بۆ گەڕاندنەوەی ئابووری بۆ هەلومەرجی ئاسایی خۆی واتا (له وەستانەوە بۆ جوڵە یان پرۆسە) بە مانای نیشتیمان پەروەری داهات. تەنها سێ ڕۆژ وەستانی سەرمایە بەس بوو بۆئەوەی ئابووری ئەمریکا بەتایبەت و ئابووری جیهان بکەوێتە نزیک بە دۆخی قەیران. بۆیە داوا لە هەمووان دەکرا دەست بکەنەوە بە ژیانی ئاسایی خۆیان، ژیان یاخود ژیانی ئاسایی بۆ ئەم جیهانەی ئەمڕۆ بە مانایی (کڕین و بەکارهێنان، نیوە مەسرەف و فرۆشتنەوە یان فڕێدان، گەشت و گەڕان و مەسرەفی کاڵا نمایشییەکان، بە کورتی پارەیەک کە پێتان دراوە زوو بیدەنەوە)، داواش کرا هاوڵاتیان بچنەوە سەر کارەکانی خۆیان. هەتا جۆرج بۆش بۆ خۆی ناچار بوو ڕیکلام بۆ کۆمپانیایەکی فرۆکەوانی بکات و داوای لە خەڵکی دەکرد کە ترسەکانیان لەیاد بکەن چونکە (١١ سێپتەمبەر فیلمێک بوو و فیلمەکانیش ڕاستەقینە نین و قوربانیەکانیش بەهەمان شێوە) بۆیە دەست بە گەشتەکانتان بکەنەوە. ڕاستە وەستانی جوڵەی سەرماییە بۆ ماوەیەکی کورتی لەو شێوەیە ناتوانێت ئەو دژییەکیە تا ئاستی قەیرانی گەورە قوڵ بکاتەوە، بەڵام وەستان و نەبونی جوڵە بۆ ماوەیەکی درێژی هاوشێوەی کاریگەری ڤایرۆسی کرۆنا کە نزیک بە دوو مانگە درێژەی هەیە چ دەرئەنجامێکی دەبێت؟ هەر ئەوەی کە شەش لە گەورەترین دەزگا ئابووریەکانی جیهان کەوتونەتە خۆ تا لەمە زیاتر نەهێڵن زیانەکانی ئەو وەستان و چەقبەستنە گەورەتر ببێت دەلالەتە لە گەورەیی ئەو وەستانە و زیانێک کە نەک بەتەنها وڵاتێک یان دوو، بەڵکوو کۆی سیستەمەکە دەبێت باجەکەی بدات.

**ترسی شەیتانەکانی سەردەم:**

کۆبوونەوەی دەزگا گەورە ئابوورییەکان و لێدوان و بەیاننامە و هەوڵە عەمەلیەکانیان بۆ ڕێگریکردن لە زیاتر گەورەبوونی قەیرانەکە پێمان دەڵێت زیانەکانی ئەم قەیرانە جیهانییە. کە بۆ ئەمان تەنها کۆمپانیا و بانکەک و سەرمایەدار و دەوڵەتی نەتەوەی پارێزەری سەرمایەکانیان گرنگە، نەک دەرئەنجام و کارەساتە کۆمەڵایەتی و ئینسانیەکانی.

یەک لەو دەزگایانە کە ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشەیە لە بەیاننامەیەکدا ئاشکرای دەکات کە ڤایرۆسی کۆرۆنا ئابووری جیهانی خستۆتە قەیرانێکی مەترسیدار کە لەپاش قەیرانی ٢٠٠٨ ەوە بە گەورەترین قەیرانی جیهانی دادەنرێت، هەمان دەزگا کە سەرەتای ئەمساڵ پێشبینی کردبوو گەشەی ئابووری جیهان لەمساڵدا زیاتر ٣٪ دەبێت، بەڵام کرۆنا ئەو پێشبینیەی دابەزاندووە بۆ ١/٥٪. ئابووری بازاڕ کە کەم تا زۆر دور لە چاودێرییە هیچکات خۆی نادات بەدەست پێشبینیەکان. هەرچەند پێشبینیەکانی ئەم دەزگایانە هەمیشە پڕ لە فڕ و فێڵی سیاسی دەوڵەتانی هەژمونداره بەسەریانەوە.

دوو دەزگای دیکەی ئابووری کە لەخەمی سیستەمەکەدان وەک سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی جیهانی هەردووک ئامادەی ئەوەیان نیشاندا کە بە فریای وڵاتانی ئەندام لەم دەزگایانە بکەون و بە هەموو جۆرێک ئامادەی هاوکاری مالی و سیاسی و تەکنیکین لەسەر ئاستی جیهان تەنها هێندە بەسە داوایان لێ بکرێت. جیا لەم دوو دەزگایە. ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی هێشتا نەیتوانیوە زیانەکان هەڵبسەنگێنێ، چونکە زیانەکان بەردەوامیان هەیە، بۆیە ئەمیش بۆ هەڵسەنگاندنی زیانەکان خۆی داوەتە دەست کۆرۆنا و هەفتەکانی ئایندە. هەروەها گروپی ٧ کەگەورەترین دەوڵەتانی ئابوری جیهانن ئەمانیش کرۆنا بە مەترسیەکی واقیعی لەسەر سەرمایەگوزاری واقیعی دەبینن و لە هەوڵی کۆنترۆڵی دۆخەکەن تا بە کەمترین زیانی مومکین تێیپەڕێنن. جیا لەوانە کۆمپانیای (مک کنزی) کە بەناوبانگترین کۆمپانیای ڕاوێژکاری بەڕێوەبەرییە کە لای وایە کۆرۆنا دەتوانێت گەشەی ئابووری جیهان نزیک بە ٠/٣٪ بۆ ٠/٧٪ کەمبکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا شەش پێشنیار بۆ کەمگردنەوەی زیانەکان دەخاتە ڕوو تا سەرمایە بکەوێتەوە جوڵەی ئاسایی خۆی!!

**قەیرانەکە بەسەر چیندا دەتەقێتەوە.**

چین وەک گەورەترین زلهێزی ئابووری واقیعی، کە دەڵێم ئابوری واقیعی مەبەستم سەرمایەی بەرهەمهێنەرە کە هیچ وڵاتێک هەتا ئەمریکاش لە ئێستادا ناتوانێت لەو لایەنەوە کێبڕکێی چین بکات، ڕاستە کە چین بە دووەم گەورەترین هێزی ئابووری دادەنرێت، بەڵام ئەوە لە ڕووی سەرمایەیە لە هەموو شێوازەکانیدا کە ئێستا ئەویش لە گۆڕاندایە بە قازانجی چین. گەورەیی ئابووری و گەشەی ئابوری چین لەم ساڵانەدا لەپێش هەمووانەوەیە و بە بڕوای من پاش کرۆناش چین دەکەوێتەوە سەر هەمان ڕەوتی بەرەوپێشچونی خۆی. بانکی دراوی نێودەوڵەتی ئەو ماوەیەی پێشوو بڵاویکردەوە کە ٣٩٪ گەشەی ئابووری جیهان لە ساڵی ٢٠١٩ تایبەت بە چین بووە کە ئەمە دەیکاتە گەورە زلهێزی دونیا و هەر ئەمەش وادەکات ببێتە ناوەندی ئابووری جیهان لەدوای کۆتایی ئەمریکا. بە هەرحاڵ ئەمڕۆ کۆبونەوەو کەڵەکەبوونی تەواوی کێشە ئابووری و ململانێ سیاسی و جەنگ و قەیرانی ژینکەی قەیرانێکی دیکەشی بەسەردا هات کە ڤایرۆسی کرۆنایە ڕۆژ بە ڕۆژیش زیاتر بەجیهاندا بڵاودەبێتەوە و چین بوو بەو تەڵەیەوە کە دەبوو یەکێک تێی بکەوێت، بە کەوتنە قەیرانی چینیش وەک گەورەترین بەرهەمهێنەری جیهان کۆی بازاڕی جیهانی و زنجیرەی بەرهەمهێنانی جیهانیش دەکەوێتە قەیرانەوە.


ئابووری سەرمایەداری واتا کەسێک لە بەیانیدا بە قەبارەیەکی دیاریکراو سەرمایە دەچێتە دەرەوە و پاش ئەوەی سەرمایە چەند بەرگی جیاواز دەپۆشێت و فڕێی دەدات، دەبێت ئەو شێوازەی کە بەیانی پێیەوە دەچێتە دەرەوە وەرگرێتەوە، بۆیە هەمان کەس ئێوارە کە دەگەڕێتە ماڵەوە دەبێت قەبارەی سەرمایەکە گەورەتر بووبێت! بەڵام ڤایرۆسی کرۆنا ئەو پرۆسەیەی تێکوپێک داوە. هەموو ئەوانەی بەیانی بە قەبارەیەک پارەوە چونە دەرەوە و شێوازەکەیان گۆڕی ئێستا ناتوانن بیگەڕێننەوە بۆ شێوازی ئەوەڵی، واتا بۆ شێوازی پارەی. زۆرینەی زۆری کارگە دەوڵەتییەکانی چین و کارخانە تایبەتیە ناوخۆی و خاریجیەکان و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان داخراون، تەواوی کرێکاران و کارمەندانی خاریجی کارگە و کۆمپانیاکان چینیان بەجێ هێشتووە. بازاڕی پشکەکانی بۆرسە بۆ ماوەیەکی کاتی داخرا. زۆرینەی کۆمپانیاکان لە بازاڕی مالی و بانکە دەوڵەتیەکانی چین و بانکەکانی دەرەوە بەدوای قەرزی بانکیدا دەگەڕێن. هەروەها تەواوی پشکداران دەیانەوێت لە بازاڕی بۆرسەدا پشکەکانیان لە کۆڵ ببێتەوە، ئەوەی کە بە تەنها یەک ڕۆژ پاش داخستنی بازاڕی بۆرسی شەنگەهای و پەکین پشکەکان لەو بازاڕەدا نزیک بە ٤٠٠ ملیارد لە بەهای خۆیان لەدەست داوە، نەک هەر چین، بەڵکو بڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە بە جیهاندا لەگەڵ کاریگەریەکانی بازاڕی چین و لاوازبوونی ئاڵوگۆڕی جیهانی ئابووری دونیا کەوتە قەیرانێکی گەورە کە بە تەنها پشکەکانی بۆرسەی جیهانی نزیک بە ٨ هەزار ملیارد بەهای خۆیان لەدەست، ئەمە پێمان دەڵێت کۆرۆنا و قەیرانە کەڵەکەبووەکان بەجارێک تەقینەوە.

دەوڵەتی چین وەک پیشەی هەمیشەیی دەوڵەتانی سەرمایەداری دەستی داوەتە ڕزگارکردنی بازاڕ و بانک و کۆمپانیاکان. چین بە تەنها لە یەک ڕۆژدا ١٥٠ ملیاردی خستە بازاڕەوە تا کاریگەریەکانی کۆرۆنا لەسەر بازاڕ هێواش بکاتەوە. هەندێک لێکۆڵینەوەی سەرەتای دەڵێن زیانەکانی ئابووری واقیعی واتا قەبارەی زیانی کۆمپانیا بەرهەمێنەرەکان و کەمبوونەوەی هەناردە لە پاڵ خەرجیە مالییەکان کە دەوڵەتی چینی ناچارکردووە بیداتە کۆمپانیا و بانکەکان نزیک بە ٥٠٠ ملیارد دەبێت، ئەگەرچی کارێکی لەو شێوەیە بۆ دەوڵەتی چین پێشینەیەکی درێژی هەیە.

لە پاڵ ئەوانەشدا یەکێکی دیکە لە دژیەکیەکانی سەرمایە خۆی تۆخ کردۆتەوە کە دژیەکی لە نێوان بەرهەمهێنانی کاڵا و شێوەگۆڕینی ئەو کاڵایە بۆ شێوازی پارەی. واتا دژیەکی نێوان یەکێتی بەرهەمێنان و سوڕان. لە چین لەگەڵ ئەوەی ناوەندە پیشەسازیەکان لە بەرهەمهێنان وەستاون، بەڵام لە بەرامبەریشدا خواست یان کڕین وەستاوە. بەشی گەورەی هاوڵاتیان دەستیان لە کار هەڵگرتووە و لە ماڵ نایەنە دەرەوە و لە بەرامبەریشدا کردەی کڕین ئەنجام نادەن یان زۆر بە کەمی دەکڕن، چونکە دەترسن و ئەگەر بیشکڕن زەروری ترین دەکڕن کە بە زۆری لە ڕێگەی ئۆنلاینە (کە ئەمەش شۆڕشێکی گەورەی کڕینی ئۆنلاینە کە کۆرۆنا دەیباتە قۆناغێک نوێوە و بە ملیۆنان ورەدە فرۆش و جوملە فرۆش لەگەڵ خۆیدا دەخاتە زبڵدانی مێژووی ئەو سیستەمە). هەروەها پیشەسازی گەشتیاری تەواو وەستاوە و ئۆتێلەکان هیچ موسافیرێکیان تیادا نییە، هەروەها هێڵی فرۆکەوانی وەکـ ئەوەیە وەستابێت، چونکە کەس گەشت ناکات، کەمکردنەوەی گەشت تایبەت نییە بە چین، بەڵکو یەکێک لە زیانە هەرە گەورەکانی کۆرۆنا بەر هێڵ و تۆڕی فرۆکەوانی کەوتووە کە بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی فرۆکەوانی ڕەنگە زیانی کۆمپانیا فرۆکەوانییەکان تا پاش کۆرۆنا بگاتە ١٠٠ ملیارد. زیانەکانی کۆرۆنا ڕۆژ بەڕۆژ زیاد دەکات و کاریگەری فراوان دەبێت بەتەنها لە چەند هەفتەیەکدا نرخی نەوتی لە ٧٠ دۆلارەوە گەیاندە ٥٠ دۆلار کە ئەمە بۆ خۆی قەیرانە بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت.

دۆناڵد تراپ هەرچەند سەرەتا خۆشحاڵ بوو بە بینینی چین کە توشی قەیرانێکی لەو چەشنە بۆتەوە، هەر بەڕاست نزیک بە دەساڵ جەنگی بازرگانی و سیاسی لەگەڵ چین هێندەی ئەم کۆرۆنایە کاریگەری لەسەر چین نەبووە. بەڵام بەم دواییانە و لەگەڵ تەشەنەی ئاگری کرۆنا دۆناڵد ترامپ ترسی خۆی نەشاردەوە و گوتی خەریکی ئامادەکارین تا ڕێگە لە بڵاوبوونەوەی بگرین. ئەنجومەنی سیناش ٨ ملیارد دۆلاری بۆ ئەو بابەتە ئامادە کردووە. بەڵام ئەمە واناکات بڵێین ئەمریکا ناترسێت، هەر هاتنە گۆی شەش دەزگای گەورەی ئابووری کە لەژێر هەژمونی ئەمریکان پێمان دەڵێت ئەمریکا لە هەموان زیاتر دەترسێت. بیریشمان نەچێت بەشێک لەو زیانانەی کە لە کۆمپانیاکانی ناو چین دەکەوێت زیانە بۆ ئەمریکا، چونکە ئەو سەرمایانە سەرمایەی ئەمریکین....

**بۆ ئامار و داتا و بەیاننامەکان سودم لە گەلێک سەرچاوە وەرگرتووە.**



# ١٣٧ ساڵ دوای مەرگی، دنیا لەهەمووکات زیاتر پێویستی بەمارکسە!

عەبدوڵا مەحمود

١٤ ئەم مانگە ١٣٧ ساڵ بەسەر دوا چاولێکنانی مارکسی سیاسی و شۆرشگێر، مارکسی رابەری نیونەتەوەیی چینی کرێکار و رینوینیکەری شۆرشی چینایەتی پرۆلیتاریا، فەیلەسوف و ئابوری ناسدا تێپەڕدەبێت.

دوای ١٣٧ ساڵ بەسەر ماڵئاویی یەکجاری مارکسدا... ئەگەر دیدو روانینەکانی مارکس، لە ژیانی سیاسی و لە بواری فەلسەفە و ئابوری و کۆمەڵناسی و پیشرەویەکانی ئینساندا، لە کۆمەڵگەدا بسڕینەوە. کۆمەڵگەو بوارەکانی سیاسەت، فەلسەفە، ئابوری، کۆمەڵناسی... لەپێ دەکەون. راستییە وەدیهاتوەکانی کە بەرهەمی تیکۆشانی و هەوڵ مارکس و ئەنگلسی هاوڕیی بوو، تا بە ئیستا دەگات بنەمای سەرەکی گەورەترین ئالوگۆرن لە میژووی مرۆڤایەتیدا. شکستی بلۆکی شەرق و سۆشیالیزمە دەوڵەتییەکەی، بواری زۆری رەخساند، تا مارکس تێک بشکێنن، تیۆر و بۆچوونەکانی بە خەون و خەیاڵ بەیەک بگرن و ئەبەدی بوونی نیزامی سەرمایەداری بە کۆمەڵگەی بەشەری بقەبڵێنن. سەرمایەداری و رەوتە بۆرژوازییەکان زۆر کۆشان و هەوڵیاندا بۆچوونەکانی مارکس بەدرۆبخەنەوە... بەڵام بەکردەوە ناکام مانەوە.

بۆرژوازی و موفەکیرە دەم چەورکراوەکانیان، وتیان مارکسیزم کۆتایی پێهاتووە و ئایدیاکانی مارکس بۆ کۆمەڵگەی ئەم سەردەمە دەست نادات و کۆمەڵگە بۆتە کۆمەڵگەی بێچین. وتیان مارکسیزم خەون و خەیاڵە، وتیان مارکسیزم لە رووی تیۆرییەوە جوان و دڵگیرە، بەڵام لە کردەوەدا دژی ئازادییە، و دەرئەنجانەکەی ترس و تۆقاندن و ستەمکاری و کوشتاری بەکۆمەڵە و نموونەکانی دەسەڵاتی چنگ بەخوێنەکانی سۆسیالیزمی بۆرژوازی و دەوڵەتیان کردە پاساوی بۆچوونەکانیان.

وتیان بۆچوونەکانی مارکس نا کۆمەڵایەتی و ماتماتیکین میژوو تیایدا میحوەرە و کۆمەڵگە تەنها وەکو بەرهەمی میژووی خەباتی چینایەتی دەخاتە روو، و ئازادی و فەردیەتی ئینسان دەخاتە لاوە. وتیان مارکس و مارکسیزم هەموو شتیک لە ئابوریدا دەبینەوەو لە کۆمەڵگەی مۆدرێرنی ئەم سەردەمە بێئاگا و نامۆن و رەهەندەکانی تری کۆمەڵگە بەهەند ناگرن. وتیان مارکسی ماتریالیست، بوونی کۆمەڵایەتی بە ئەسڵ و هوشیاری کۆمەڵایەتی بە رەنگدانەوەی بوونی کۆمەڵایەتی دەزانێت و جێگایەک بۆ لایەنە روحی و مەعنەوی ئینسان بە فەرمی ناناسێت و ئینسان تەنها بەوێنەی بەردەی ژینگە تەماشا دەکات. وتیان باسی چینیە کۆمەڵایەتیەکان لەم سەدەمەدا بەسەر چووە و هێنانەوە گۆری باسی خەباتی چینایەتی، وەهمە و کارایی خۆی بۆ ئەم سەردەمە لەدەستداوە. وتیان دیدی مارکس بۆ سیاسەت و شۆرش لەسەر توندوتیژی بنیاتنراوە و خەباتی ئاشتیانەو ریفۆرمخوازی و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بەشیوەی ئاشتیانەیان قبوڵ نییە، و لایەنگری لە توندوتیژی و بەدەستەوە گرتنی چەک دەکەن و بەو مانایەش ماکسیزم دژی دیموکراسییە، لە دنیا دیموکراسی ئیستادا. وتیان مارکس و مارکسیەکان باوەڕیان بە دەسەڵاتی رەهای دەوڵەتی و حزبی هەیە، دەیانەوێت خاوەنداریێتی تایبەتی هەڵبوەشێتەوە و رادەستی دەوڵەتیکی موتەڵەقی ناوەندی بکات، وەکو ئەوەی لە روسیا و وڵاتە سۆشیالیستەکاندا روویداوە. وتیان ماکسیزم بۆ ئەم سەردەمی پاش-پیشەسازی و پاش-چینایەتیدا، ناگونجێ و ناکۆکە لەگەڵ بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو بزوتنەوەی بەرگری لە ژینگە، بزوتنەوەی فیمینستی و بەرگری لە هاورەگەزبازەکان و بەرگری لە ئاژەڵ و بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە ئاشتیخوازەکان و....تاد

وتیان مارکسیزم ئایدۆلۆژیاییە و بۆ نیشاندانی ئەوەش تۆرێک لە ئایدۆلۆژیایان بەدەستەوە گرت. لەوڵاتانی وەکو عیراق و کوردستاندا، نوخبەی سیاسی قەڵەم بەدەستی بۆژوازی بۆ دژایەتی مارکس و ماکسیزم بەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا و تا ئیستاش کۆمۆنیزم و ئیسلام لەپاڵ یەکتریدا دادەنین، فاشیزم و مارکسیزم هاو کەناری یەکتری دەکەن، دیکتاتۆری کەمایەتیەکی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیان دەخەنە پاڵ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریی زوربەوە... تائیستا ئەگەر رەخنەیەکی شەرمنۆکانە و سنوردار لە فاشیزم و ئیسلام و کۆنەپەستی و دیکتاتۆری و ستەمکارییەک بگرن، هوشیارانە جنێوێک و تۆمەتێکی پوچیش ئاراستەی مارکس و کۆمۆنیزم مارکسیزم دەکەن، تا وەفاداری خۆیان بە نیزام و دەسەڵاتی بۆرژوازی نیشان بدەن.

دنیای واقعی دوای ئەو هەموو هیرش و بوختان و بەلارێدابردنەی مارکس و مارکسیزم لەلایەن بۆرژوازی و نۆکەرەکانیان، دوای ئەو هیرشە سیستماتیکە دەوڵەتی و نێودەوڵەتییەی لەدژی مارکس و مارکسیزم و ئایدیاکانی وەرێیان خست، نەیان توانی مارکس و ئیدەکانی، تێک بشکێنن. گەورە بیریاریارانی بۆرژوازی کە کۆتایی میژوویان راگەیاند و ویستیان سیستەمی سەرمایەداری بۆ ئەبەد بە مرۆڤایەتی بقەبڵێنن، باجی گەمژەیی خۆیان لە دڵی دنیای واقعی و ململانێێ چینایەتی و میژووی ئەو ململانێیەدا دایەوە و دەڵێن سوشیالیزم رێگا چارەی سەرمایەدارییە.

بۆچوونەکانی مارکس دوای ١٣٧ ساڵ، زۆر زیاتر لە پیشوو حەقانیەتی خۆیان هیشتۆتەوە. ئەو دەربرنەی مارکس کەدەڵێت" میژووی ئێستاو داهاتووی هەموو کۆمەڵگەکان، میژووی خەباتی چینایەتییە" هێندە راستییەکی بەرجەستەیە، کە درۆی کۆتاییهاتنی چینەکان، و نەمانی خەباتی چێنایەتی پوچەڵ دەکاتەوە...

ئەمڕۆ پیگەو توانایی چینی کرێکار، هیزی چینی کرێکار لە ئابوریدا بەهیچ جۆریک قابیلی بەراوردکردن لەگەڵ سەردەمی مارکس و مانفیستی کۆمۆنیستدا نییە.

ئەمرۆ سەرمایەداری بە پێچەوانەی سەردەمی مارکسەوە، کە خەڵک بەهۆی نەبوونی قات و قڕی و نەخۆشیەوە گیانیان لەدەست دەدا، ئیستا لەحاڵیکدا سەرەوەت و سامان و توانای پزیشکی پێشکەوتنەکان لەهەموو بوارەکانی تری ژیاندا بەوپەڕێ خۆی گەیشتووە، کەچی بە ملیۆنانیان دەبنە قوربانی برسێتی و نەبوونی و نەخۆشی زۆر سادەی وەکو ئەنفلۆنزاو کۆرۆنا و. سەرمایەداری دنیای لەناو جەنگە زنجیرەییە وڵاتی و ناوچەیی و جیهانیەکاندا، نوقمی کوشتارو وێرانەیی کردووە، ژینگەی لەگەڵ گەورەترین مەترسی بۆ سەر بەشەریەتی گۆی زەوی روبەرووکردۆتەوە. پوچترین بزوتنەوەی سیاسی و لەچەشنی راسیزم و ئیسلامی سیاسی، وەکو روبینای ئابوری و مۆدیلی نیو لیبرالیزم، کردۆتە مۆتەکەی سەر ژیانی چەندین ملیاد ئینسانی ئەم سەردەمە. قڵشتی چینایەتی بە ئەندازیەک لەنیوان چینی سەرمایەدار و چینی کریکاردا قوڵکردۆتەوە، کە بێ وێنەیە لە میژووی تائیستای بەشەریدا و بەپێی خودی ئاماری دەزگاکانی بۆرژوازی سامانی چەند سەد ملیاردێرێک بەرابەرە بە داهاتی نیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی. دیموکراسی کە بۆرژوازی جێگای شانازی هەمیشەیی بووە، لەرێگای جەنگ و دام و دەزگاکانی نۆکەری خۆی، پسولەی دەستێوردانی و ملهوری نواندنی بۆرژوایی لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا، فەرمی کردووە. داسەپاندنی ئابلۆقەی ئابوری یەکێکی تر لە بەرهەمەکانی دیموکراسی بۆرژوازییە، کە هەژاران و نەدارانی وڵاتە ئابلۆقەدراوەکان، دەکاتە قوربانی سەرەتاییترین پێداویستیەکانی مانەوەی ئینسان. وە هەر لەرێگای دیموکراسیەوە، سەرکوتی ئازادی و ئازادییە سیاسییەکان، دنیای قانگ داوە. باسی دەستاودەستکردنی دەسەلاتی ئاشتیانە لەرێگای دیموکراسی بۆرژوازییەوە پایە سەرەکیەکەی لەسەر دەست نەبردن بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت و پارێزگاری لەسەر خاوەنداریێتی تایبەتی دامەزراوە، کە ئەمە خۆی سەرچاوەی نابەرابەری ئابوری و چەوساندنەوەی چینایەتی و هەموو موسیبەت و کوێرەوەرییەکانی تری نیزامی سەرمایەداریە، و هاوکاتیش بناغەی ململانێی چینایەتیشە.

لە ئیستادا ئەو بۆچوونەی مارکس لەپەیوەند بەشۆرشەوە لە هەموو کات دروسترە کە دەڵێت"چینی دەسەڵاتدار، بەزەبری هیز نەبێت، دەست لەسامان دەسەڵات بەرنادات و چینی کرێکاریش بەبێ شۆرش. رزگاری نابێت"

بەکورتی و بەپوختی، دنیای ئەمڕۆ لەهەموو کات زیاتر پیویستی بە مارکس و تیئۆرییەکانیەتی، پیویستی بە حزبی کۆمۆنیستی مارکسی هەیە.

**ئەمرۆ سەرمایەداری بە پێچەوانەی سەردەمی مارکسەوە، کە خەڵک بەهۆی نەبوونی قات و قڕی و نەخۆشیەوە گیانیان لەدەست دەدا، ئیستا لەحاڵیکدا سەرووت و سامان و توانای پزیشکی پێشکەوتنەکان لەهەموو بوارەکانی تری ژیاندا بەوپەڕێ خۆی گەیشتووە، کەچی بە ملیۆنان ئینسان دەبنە قوربانی برسێتی و نەبوونی و نەخۆشی زۆر سادەی وەکو ئەنفلۆنزاو کۆرۆنا و...**

**لەعیراق و کوردستاندا، نوخبەی سیاسی قەڵەم بەدەستی بۆژوازی بۆ دژایەتی مارکس و ماکسیزم بەدوای شکستی بلۆکی شەرقدا و تا ئیستاش کۆمۆنیزم و ئیسلام لەپاڵ یەکتریدا دادەنین، فاشیزم و مارکسیزم هاو کەناری یەکتری دەکەن، دیکتاتۆری کەمایەتیەکی بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیان دەخەنە پاڵ دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریی زوربەوە... تائیستا ئەگەر رەخنەیەکی شەرمنۆکانە و سنوردار لە فاشیزم و ئیسلام و کۆنەپەستی و دیکتاتۆری و ستەمکارییەک بگرن، هوشیارانە جنێوێک و تۆمەتێکی پوچیش ئاراستەی مارکس و کۆمۆنیزم مارکسیزم دەکەن، تا وەفاداری خۆیان بە نیزام و دەسەڵاتی بۆرژوازی نیشان بدەن...**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە

# بی ئابڕویی پەرلەمانی کوردستان لە پەیوەند بە هەشتی مارسەوە!

## لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت لە پەرلەمان راگەیەندراوێکی بەبۆنەی هەشتی مارس بڵاوکردەوە



## پرسی ژن

توندوتیژی دژ بەژنان، لە هەڕەشەو سوکایەتیەوە بۆ لێدان و تیرۆرکردن، یان ناچارکردنی ژنان بە خۆکوژی، دیاردەیەکی شەرماوەری کۆمەڵگەی کوردستانە... بەمەبەستی تاوتوێکردنی بنەماو هۆکارە سەرەکیەکانی توندوتیژی و ڕێگەگرتن و کۆتاییهێنان بەو دیاردەیە، بۆ پێشەوە، ئەم تەوەرە تایبەتییە کردۆتەوە

؟

کە لەهەر ژمارەیەکی دا لە ڕێگای وتار، دیمانە، ڕاپۆرت، بابەتی وەرگێڕدراو... تیشك دەخاتە سەر هەلومەرج و پرسی ژنان و خستن ڕووی ئەزموون و ڕێگاچارەی ئینسانی و یەکسانیخوازانە..

بەرپرسی گۆشە: شوانە حەسەن
بۆ پەیوەندی و ناردنی بابەت: shwana.journalist@gmail.com

لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتی پەرلەمان راگەیەندراوێکی بەبۆنەی هەشتی مارس بڵاوکردەوە و رایگەیاند، ئەو یاساو بڕیارانەی دەرچوێندراون یان هەموارکراون لە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان و کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، "لەپێناو بەرژەوەندیی ئافرەتان و خێزاندا بون ."لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتی پەرلەمانی کوردستان لە راگەیەندراوێکدا رۆژی 8ی مارس بەڕۆژی خەبات و قوربانیدانی ئافرەتان بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی و دادپەروەری لەنێوان پیاو و ئافرەت لە جیهان دادەنێت و دەڵێت، بەرگریکردن لە مافەڕەواکانی ئافرەتان و یەکسانیی جێندەری و چەسپاندنیان لەنێو یاساو بڕیارەکانی هەرێمی کوردستان بە ئەرکی سەرەکیی خۆی دەزانێت. ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هەڵگری پەیامی مرۆڤ سالارین لەپێناوی بەرەنگاربونەوەی هەمو پێشێلکاری و توندوتیژییەک بەرامبەر بەئافرەتان باسی لەوەشکردوە، "ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان هەڵگری پەیامی مرۆڤ سالارین لەپێناوی بەرەنگاربونەوەی هەمو پێشێلکاری و توندوتیژییەک بەرامبەر بەئافرەتان و بەهێزکردنی پێگەو گەشەپێدانی زیاتری رۆلیان لە بەشداریی هەمو دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان و کەرتی تایبەت و کاری رێکخراوەیی لە هەمو ئاستەکاندا بەتایبەتی لە ناوەندەکانی بڕیاری سیاسی و دادوەری و بەڕێوەبردن و ئابوری و کۆمەڵایەتی و وەبەرهێنان تێدەکۆشین ."ئەو یاساو بڕیارانەی دەرچوێندراون یان هەموارکراون لە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان و کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەپێناو بەرژەوەندیی ئافرەتان و خێزاندا بون لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەت ئاماژەی بەوەشکردوە، ئەو یاساو بڕیارانەی دەرچوێندراون یان هەموارکراون لە خولەکانی پەرلەمانی کوردستان و کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، "لەپێناو بەرژەوەندیی ئافرەتان و خێزاندا بون"، بەهۆیانەوە پرسی ئافرەت پێشکەوتنی باش و بەرچاوی بەخۆیەوە دیوەو وایکردوە کە ئافرەت لە کوردستان ڕۆڵی باش و بەرچاوی هەبێ و جیاوازو پێشەنگتربێ بە بەراورد بەزۆربەی وڵاتانی ناوچەکە. رونیشیکردوەتەوە، "ئامانجی ئێمە کارکردنی بەردەوامە بۆ پێشکەوتنی زیاتر لەپێناو بەدیهێنانی دادپەروەری لە بەشداری و یەکسانی لەماف و ئەرکەکان لەنێوان ژن و پیاو لە هەرێمی کوردستان، بەپشت بەستن و پەیڕەوکردنی پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی کە لە بڕیارو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا هاتون ."لیژنەی داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتی دەڵێت: کار دەکەین لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بەئەنجامدانی کۆبونەوە و وۆرک شۆپی فراوان یەکەم: کارکردن لەپێناو یەکهەڵوێستی و کاری هاوبەش لەگەڵ دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەت ئەنجوومەنی باڵای خانمان و هەماهەنگیمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و ژنان هەروەها ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە بواری ئافرەتان و لایەنە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان .دووەم: بەدواداچون و جەختکردن لەسەر بایەخدان بەیەکەکانی یەکسانیی جێندەری و جێبەجیکردنی بەرنامەکانیان لە وەزارەت و دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە وەزارەتەکانی پەروەردەو خوێندنی باڵاو گرنگیپێدانی زیاتر بەم بابەتە لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندن و توێژینەوە زانستییەکاندا .سێیەم: ڕێزگرتن و پابەندبوون بەفرەیی و ڕای جیاوازو رۆحی پێکەوەیی و یەکتر قبوڵکردن، هەروەها جیاکردنەوەی ڕای تایبەتیی هەر مامۆستایەکی ئاینی یان هەر چالاکوانێکی ژنان لە ڕای فەرمیی ئەو ڕێکخراو و یەکێتییانەی کە ئەندامن تیایدا، بۆ خۆبەدوورگرتن لە گشتاندنی هەڵەی تاکەکەس بەسەر هەمووواندا .چوارەم: بە دوورگرتنی دۆزی ڕەوای ئافرەتان لە ململانێی سیاسی و بیری تەسکی حزبایەتی و بەرژەوەندیی تاکە کەسی .پێنجەم: دورکەوتنەوە لە دەستەواژەی توندوتیژی و ناوزڕاندن و گوتاری هەڕەشەئامێز، جێگیرکردنی چەمکەکانی ڕێزگرتن و پاراستنی شکۆی ئافرەت و سزادانی سەرپێچیکاران بەپێی یاسا .شەشەم: ڕێکخستنی کۆبونەوەی هاوبەش لەگەڵ لیژنەکانی کاروباری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ، ئەوقاف و کاروباری ئاینی، لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلام و گشت ئاینەکانی هەرێمی کوردستان بۆ خزمەتی پرسی ئافرەت و خێزان و لێکتێگەیشتن لەبارەی کێشەو پێشهاتەکان بە لێکنزیکبونەوەو کاری هاوبەش بۆ چارەسەرکردن، بەڕێزگرتن لە بەرپرسیاریەتیی دەسەڵاتەکان بەپێی یاسا بەرکارەکان لە هەرێمی کوردستان .حەوتەم: هەوڵدان بۆ کاراکردنی ڕۆڵی داواکاری گشتی لە ڕوانینی کێشەکانی کۆمەڵگاو قسەکردن و وەرگرتنی بڕیاری یاسایی لەبارەیانەوە . هەشتەم: پابەندبونی وتاربێژان بەڕێنماییەکانی وەزارەتی ئەوقاف .نۆیەم: پابەندبونی چالاکوانانی بواری ئافرەتان بە پەیڕەو و پرۆگرامی ڕێکخراوەکانیان .دەیەم: جەختکردنەوە لە هاوکاری و کاری هاوبەش لەگەڵ وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بواری میدیا، بەهەماهەنگیکردن لە بۆنە جیهانی و ناوخۆییەکانی تایبەت بە مافی ئافرەتان . یانزەیەم: ڕەچاوکردنی گرنگیی لەپێشینەی سەقامگیریی سیاسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی لە خستنەڕوی هەر کێشەو دۆزێکی ڕەوادا، بەتایبەت پەیوەند بێت بەمافی ئافرەت .

لیژنە داکۆکۆکی کردن لە مافی ئافرەت لە پەرلەمانی کوردستان، وا تیگەیشتوون کە ٨ مارس ئەو رۆژەیە کە دەبێ هەرچۆنێک بووە خۆیانی پێوە هەڵبواسن و لەو هیزو لایەن و کۆرو کۆمەڵ و ڕێکخراوانە دوانەکەون کە



هەموو ساڵێک لە هەشتی مارسدا، بە مەبەستی تایبەتی خۆیان و بەپێی ئەو ئەو هێڵە سیاسی و ئەو بزوتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەی بەدوای بەرەژەوەندیەکانی وێلە بێتە دەنگ و بەیاننامە دەربکەن و کەمپەین وەڕی بخەن... ئەوە لە کاتێکدایە کیشەی ژنان و ستەمکیشی سەر ژنان بۆ ساتێک چییە هەدا نادات و ناوەستێت... رۆژ نییە هەواڵی خۆسوتاندنی ژنێک، توندوتیژی جەستەیی و دەرونی، تەنانەت تیرۆری ژنان.. نەبیسترێن. لیژنەی داکۆکیکردنی ژنان لە پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمان و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، نزیک بە ٣٠ ساڵە هاوارو ناڵەی ژنان نابیستن، لیستی هەزاران ژنی تیرۆرکراوی دەستی شەرەف پارێزی ویژادانیان ناجوڵێنی، تۆماری دەیان هەزار ژن کە ناچارکراون گڕ بدەنە جەستەی خۆیان و پەت بۆ رزگاربوون لە دۆزەخی خانەوادە بخەنە گەردنی خۆیان نابینن، و تەنانەت یاسا و ریسا هەر پڕ بۆگەنەکانی خۆیان لە پەرلەمان کوردستان لەبیر خۆیان دەبەنەوە کەچۆن فرە ژنیان بەفەرمی ناساند... لەهەموو ئەوانە واوەتر دەیان هەزار ژن تیرۆکراون یان ناچار بەخۆکوژی کراون، کەچی بکوژانیان ئازادن و یاساو داواکاری گشتی میشێش میوانیان نییە...

لیژنەی پەرلەمانی داکۆکی لە ئافرەتانی کوردستان و پەرلەمان و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم... لەلایەکەوە دەیانەوێت دەم لە ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و مافی ژنان بگرن و لەلایەکی تریشەوە هەرچی و یاساو ریسا هەیە سەرچاوەکانی شەریعەتی ئیسلامە و ئیسلامیان تیکەڵی سیاسەت و حکومرانی، یاساکان و سیستەمی پەروەردە کردووە... وەزارەتی ئەوقافیان قوت کردۆتەوە و خێڵی مەلای بەلاشخۆر و میدیای ئیسلامیەکان بەردەوام سوکایەتی بە ژنان و دەکەن و هەر ئیستا گرتەی ڤیدیۆی مەلا مەزهەرەکان و عەبدول لەتیفەکان و هەڵۆکان... لەسەر روپەری سایت و سۆشیال میدیاکاندا، ئاسان دەست دەکەون. لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەتانیش لە پەرلەمانی کوردستان، نوزەیان لێوەنایەت.

ئاخر لە هەر کۆمەڵگەو وڵات و دەوڵەتێکدا. ئیسلام سەرچاوە یان یەکێک لە سەرچاوەکانی یاسادانان بێت، وەزارەتی ئەوقاف هەبێت، دین و سیاسەت تیکەڵ بە یەکتری کرابن... باسی دیموکراسی و مافی مرۆڤ، نازین بە لایەنگری لە مافی ئافرەتان... هێندە درۆیەکی ئاشکرایە، ناتوانێت هیچ کەسێکی هوشیار فریوبدات... بۆیە لیژنەی داکۆکی لە مافی ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستاندا، وەکو پیشەیی هەمیشەییان دەیانەوێت خۆڵ بکەنە چاوی خەڵکی و شانی خۆیان لەو مەرگەساتە بەرینە خاڵی بکەنەوە کە ژنان رووبەڕووی بونەتەوە. خودی ئەو بەیاننامە شەرماوەرەش کە لەلایەکەوە باسی ڕێزگرتن لە پرانسیبەکانی دیموکرسی و مافی مرۆڤ و ژنان دەکات و لەلایەکی ترەوە رۆڵی پیاوانی ئاینی و ئەوقاف بەرز دەنرخێنی، هێندە بێ نرخە، کە بێ بەهابوونی خودی پەرلەمان و لیژنەی بەناو داکۆکیکردن لە ئافرەتان دەخاتە، ڕوو.

**شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

## لەچەند دێرێکدا: بۆچی هەشتی مارس دیاریکراوە بە ڕۆژی ژنان؟

لە وڵاتانی پیشەسازی کاتێک ژنان کاریان دەکرد بڕێکی کەم پارەیان پێدەدرا و ئازار دەدران و دە چەوسێنرانەوە لەگەڵیدا، ئەم هەڵوێستەی بەرامبەر ژنان وایکرد دژی ئەم ڕەفتارانە ڕاپەڕن و هەڵوێستیان هەبێت. ساڵی 1857 دا و لە ڕۆژی هەشتی مانگی سێدا ئەو ژنانەی لە یەکێک لە کارگەکانی ڕستن و چنین لە نیویۆرک کاریان دەکرد ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانیان کرد بۆ زیادکردنی کرێ ی کارکردن و کەمکردنەوەی کاتی کارکردنیان بۆ کەمتر لە 10 کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، بەڵام لەکاتی ئەم خۆپیشاندانانەدا بەشێک لە ژنانی خۆپیشاندەر لەلایەن پۆلیسەوە لەو وڵاتە دەست بەسەر کران و هەندێکیان بریندار و هەندێکی دیکەیان لێ کوژران . ئەم خۆپیشاندانە بووە ڕۆژێکی مێژووی بۆ داواکردنی مافی تەواو و هاوشێوەی پیاوان لەو کاتەدا لەوڵاتە پیشەسازیە گەورەکان. ساڵی 1910 لە شاری کۆبن هاگن لە دانیمارک لەسەر ئەم بابەتە کۆنفرانسێک بەسترا بۆ دیاریکردنی ڕۆژێک تایبەت بە ژنان، بەڵام نەتوانرا ڕۆژێکی تەواوەتی دیاری بکرێت و هەر وڵاتە خۆی ڕۆژێکی دانا بۆ ژنان و لە ساڵی 1921 ڕۆژی هەشتی مارس وەک ڕۆژێکی تایبەت بە ژنان لە جیهاندا ناسێنرا و ساڵی 1978 بە فەرمی لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ڕۆژی هەشتی مارس تایبەت بە ژنان دیاریکرا و لەو کاتەوە ئەم ڕۆژە دیاریکراوە بە بەرزڕاگرتنی خەبات و تیکۆشانی ژنان لە تەواوی جیهاندا، بەدژی نیزامی دیلهێنەری سەرمایەداری و لە پێناو دەستڕاگەیشتن بە مافە پایماڵکراوەکانیان و ئازادییە فەردی و مەدەنیەکانیان...

**شوانە حەسەن ئەبوبەکر**

# گۆشەی ئەدەب و هونەر

**گۆشەی ئەدەب و هونەر، گۆشەیەکی تایبەتی بۆپێشەوەیە کە لەهەر ژمارەیەکدا بابەتێکی ئەدەبی یان هونەری لەشێوەی هۆنراوە، تێکستی ئەدەبی، وەرگێران، بڵاودەکاتەوە، یاخود دیمانە لەگەڵ ئەدیب و هونەرمەندێك یان ناساندنیان رێك دەخات...**

**ئامادەکرنی گۆشە: کاوان قادر و هیوا ساڵح، حەکیم میرزا**

# بەکر عەلی: یوسفی شیعری کوردی خنکاوی دەستی براکان!!



بەکر عەلی شاعیر، لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکانی دەیەی سەدەی ڕابردوو بەکەرەستەیەکی نوێی وشە و زمانی شیعری و خەیاڵ و فەنتازیا و ریتمی تایبەت بەخۆی چاوی لەناو دنیای ئەدەبی کوردیدا هەڵێنا،

هەڵبەتە بەکر عەلی لەبەرئەوەی سەربە خانەوادەیەکی هەژارو ستەمدیدەو زەحمەتکێش بوو، نەیتوانیوە لەبواری خوێندندا قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی ببڕێ، هەرزوو لەکاتی مێرد منداڵیدا وەک گەنجێکی سەرکێش بۆ بژێوی خێزانەکەی دەستیکردوە بە کارکردن، ئاستی کۆمەڵایەتی خێزانەکەی بەکر عەلی لەڕووی چینایەتیەوە، لە هەرە چینەکانی ژێرەوەی کۆمەڵگەدا بوو، واتە نەدارو هەژار، بەڵام خاوەن بەرزترین هەستی مرۆڤایەتی و هاوسۆزو هاو ئاهەنگی تەواویان لەگەڵ خانەوادە هەژارەکانی تردا هەبوو .

هەژاری، خەونەکانی بەکری زیندە بەچاڵ کردا!..

لەبەرئەوەی بەکر عەلی، سەرچاوەیەکی داهاتی ئابوری ئەوتۆیان نەبوو پێی بژین، خۆی و دایک و خوشک و براکانی لەقۆناغی دوای ڕاپەڕین، کەدەبوو خانەوادەی بەکر عەلی وەک باقی خانەوادەکانی تری پێشمەرگە، لەماڵی باش و حاڵی خۆشنودی بونایە، لەبەرئەوەی دووبرای بەکر بەدەستی ڕژێمی توتالیتاری بەعس لەسێدارە درابوون بەهۆی پەیوەست بونیان بە بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستانی عێراق، بەڵام مەخابن، بستێک زەویان پێڕەوا نەبینرا کە بیدەنە دایکی دوو ڕۆڵەی کوژراوی دەستی بەعس..

لەبەر ئەم هۆکارانە بەناچاری خانەوادەی بەکرعەلی، لەدەست کرێی خانوو، کەناتوانن دابینی بکەن ڕوودەکەنە حامیەی سلێمانی، کە پاشماوەی سەربازگەی سوپای بەعسی بە ڕووخاوی لێ مابوو، بۆیە بەدارو لەوح و گەچ و قوڕ خانۆچکەیەک چێ دەکەن لەگەڵ ماڵە هەژارەکانی تر ..

بەڵام دەسەڵاتدارانی سلێمانی، بەبیانووی کردنی ئەو جێگایە بە پارک، داوا لە ماڵە قوڕینەکانی ناو حامیە دەکەن بێ قەیدو مەرج خانوەکانیان لابەرن و چۆلی بکەن.

بەکر عەلی، بەو ئاگادارکردنەوەیە دەبێتە بەرگریکارێکی سەرسەخت لەپێناو بەدەستهێنانی مافە هەرە سەرەتاییەکانی ئەو ماڵە هەژارانە و بەردەوام دەبێ لە میتین و گردبونەوەو وەڵامدانەوەی دروست بۆ بڕیار بەدەستانی سلێمانی، دواجار هێزەکانی ئاسایش بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک زیندانی دەکەن، تا مل بدا بەخواستە نەگریسەکانی دەسەڵاتدارانی سلێمانی و واز لە مافی ماڵە هەژارەکان بهێنێ، بەڵام بەکر عەلی لەبەرئەوەی خاوەنی بەرزترین هەستی باڵای مرۆیی بوو، نەک هەر ملی نەدا، بەڵکو تادەهات کوانوی خەباتی چینایەتی تۆخ تر دەبۆوەو ،بەکردەوە هاتە مەیدان چ وەک شاعێرێکی چەوساوە، چ وەک هەژارو چەوساوەیەکی ژێر دەستەی بۆرژوازیەتی کوردی.

1ی ئایاری ١٩٩٤خۆپیشاندانە گەورەکە

بۆ بەرزڕاگرتنی شکۆی 1ی ئایار، ڕێکخراوە کرێکاریەکان و سەندیکاو چینی چەوساوەو زەحمەتکێش لە مەیدانی گۆڕەپانی سلێمانی گردبونەوەو دروشمەکانیان بەدەنگێکی زوڵاڵ دەچڕی و دەیان وتەوە، بەکر عەلی سیمبولی کۆڵنەدان و سەرکەوتن لەو ڕۆژەدا بەئامادەبونی کامێرای حزبە سیاسیەکانی دەسەلات، وتارێکی مێژوویی و گرنگی خوێندەوە، کە جۆش و خرۆشی هەموو خۆپیشاندەران و کرێکارانی بەجۆش تر کرد، بەدیوێکی تر دەنگی بەکر و حەماسەتی چینایەتی زراوی دەسەڵاتدارانی تۆقاند، هەربۆیە دەسەڵاتدارانی سلێمانی لەڕۆژی ١/٩/١٩٩٤دا کە بۆ وتوێژکردن لەگەڵ دەسەڵاتی سلێمانی ڕێپێوانێکی هێمانانەیان سازکرد بەکر عەلی دەکرێتە نیشانەو بەفیشەکی هێزەکانی دەسەڵاتی سلێمانی دەپێکرێ و دواتر بەدوایدا دەچن تا بەتەواوی گیانی لەدەست دەدات.

بەکر عەلی شیعرەکانیشی ڕەنگدانەوەی ئەو واقیعە تاڵەی ژیانی بووە، هەربۆیە شەوێ نییە خەیاڵەکانی بەکر وەک کۆترێکی سپی لەشەقەی باڵ نەدات و ئاسمان تەی نەکا تاوەکو جێگایەک چنگ بکەوێت لەگەڵ دایک و خۆشک و براکانیدا بسرەوێ.

بەکر علی شاعیر لە هۆنراوەی شەوی سێیەمدا دەڵێت:

وەرە ئەمشەو بممرێنە

تۆفانێ بەو ڕۆحیانەتم راوەشێنە

وەرە ئەمشەو بممرێنە

گڕکانێ بە..

نەک هەر من ونامەکانم

دوا قانونی خۆشەویستیش بسوتێنە.

لێت ناترسم..

خۆم گۆڕی خۆم هەڵئەکەنم

لانکەیەکم دەیان ساڵە

چەقۆو خەنجەر

ڕائەژەنم.

لەم شیعرەیدا بەڕوونی شاعیر، برینەکانی ناو جەستەی چینایەتی هەست پێدەکات، چیتر گرنگ نییە لەلای چی دەبێت با ببێ، لەدوای ئەوەی هێرش دەکرێتە سەر کەرامەت و عیزەتی نەفسی وەک شاعیرێک و وەک ماڵە هەژارێکی زەحمەتکێش، ئیدی بەکر خۆی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو جەنگە تەرخان دەکات لەگەڵ دەستڕۆشتوانی بۆرژوای کورد.

وەک دواجار دەڵێ;

خۆم گۆڕی خۆم هەڵدەکەنم

ئیشقەکەی شاعیر بەجۆرێک گەشەی کردوە تا ئەو دیوو سنورەکانی ئیشق دەبڕێ، وگومانەکانی سەرهەڵدەگرێت، گومانەکانی شاعیر بۆ یارەکەی هێندە جوانە بەشێوازێکی ئێستاتیکای دەریبڕیوە ناچێتە خانەی دڵپیسی، بەڵکو هێندەی تر ئەو ئیشقە لەلای مەئشوقەکەشی باڵانما دەکات، وەک لەشەوی چوارەمدا دەڵێت:

لەو ڕەشەبایەش خۆش نابم

تەنها شەوێ

لە حەوشەتانا نووستبێ،

بۆنی تەوێڵ و

پەرچەم و

هەناسەتی..

بۆ کەسێکی کە بردبێ!

چۆڵی دەکەین.

شاعیر دەزانێت ئەم سەدەیە سەدەی "دۆلارو قەحبەیە" لەوە حاڵیە کە هیچ کەسێک لە گریانە لێکچوەکانی یوسف تێناگات، ئاخر ئەگەر براکانی یوسف تەنها بیرێکیان لە بیاباندا دۆزیەوەو یوسفیان تێخست، کوردستان هەزاران بیری ئاوای تێدایەو براکان!! لەبری ئەوەی بخنکێن، بەڵکو ژیانێکی ئابرۆبەرانە لەسەر حسابی چەوساوەو کرێکاران دەژین.

شاعیر بوێرانە مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات،

دەڵێت:

کام زولێخا

کام یاقووب و بیرو برا

لە تەنیایی و گریانی یوسفیت ئەگا؟ ل٨

بەڕاست شیعر پێویستی بە سیمبۆل، داستان و ئەفسانە هەیە؟ شاعیر دەیەوێ لەڕێگای ئەفسانەوە دەمامکەکانی هەموو ئەوانە ئاشکرا بکات کە لەسەر ئەرک و مافەکانی ئەمان دەژین و ڕیسوایان بکات، وشە و زمانی شیعریی بەهێماو کۆد لای بەکر عەلی ...وشە بە گشتی، لەبنەڕەتدا بریتیە لەکۆمەڵێک لەو وێنە و سۆز وئەندێشەی شاعیر کەهەندێکی لەسەر ئەرزی واقیع بوونی هەیە و هەندێکی تریش دەستکردی خەیاڵە. هەربۆیە کاتێک شاعیر بۆ وێنە شیعریەکانی پەنا دەباتە بەر وشەهایەکی نوێ بۆ دەربڕینی شیعری لەئەنجامی ئەو ململانێییەوە سەرچاوە دەگرێ کە هێزی ناوەوە و دەرەوەی خودی شاعیرە. بەجورێک وشەکان وەک ئەوەی کەلەواقیعدا بەرجەستە دەبن، بەکاریان دەهێنێ، بەڵام دوهەمیان مانای ناوەوەی وشەکانە لەناخی شاعیر بوونیان هەیە. بۆیە ئەرکی هەرە گرنگ و سەرەکی خوێنەری جدی ئەوەیە کە بتوانێت لەناوەوەی دەقدا ئیش بکات و بڕواتە هەڵکۆڵین لەناو دەقدا بکات بەو مەبەستەی واتا، مانایەکی تر و جیاکەرەوە بەخوێنەر ببەخشێ.

بە واتایەکی تر خوێنەری جدی دەبێت لەڕێگای ڕەخنەوە. پشت ئەستوربێ بەتێڕوانینە ڕەخنەییە تازەگەراییەکانەوە تاوەکو بتوان و دوای تازەگەراییەکان کردنەوەی کۆدی ئەو وشانە بکاتەوە بەئامانجی گواستنەوەی دەقەکەیە لەدۆخێکی سروشتیەوە بۆ دۆخێکی دەربڕینی بابەتگەرایی.

شیعری بەکر عەلی، لەدۆخێکی خودگەرایی یەوە بۆ بابەتگەرایی:

تۆش هەر وەکو

کچانی تری شارەکەم

با نیت، شنەی

چەم نیت، زنەی

شەستە باران نیت، پرووشەی

تەنیا درۆ و عەتر و بۆیەو بووکە شووشەی. ل٣٣

بەبێ ئەم خوێندنەوەیە ستراتیژییەتی دەقمان بۆ دەرناکەوێت. بەپێچەوانەوە دەقەکە لەبازنەیەکی مانایی گشتگیریدا دەسووڕێتەوە کەهۆکارێک دەبێت بۆ کوشتنی داهێنانی دەقەکە چەند گریمانەیەکی ماناییمان بداتێ.

وشەی شیعر لای بەکر عەلی

لەبنەڕەتدا ئەو وشەیەی کەشیعرییەتی لێ دروست دەبێت، ئەمەش بەو مەرجەی وشەکان گەمارۆ

بۆ لاپەڕە ....13



# بەشی چوارەم لە قەسیدەی (ئاهێکی سارد)

**بەیانیەکم پێ بڵێ**
**پڕ بەخۆت خۆشەویستیم**
**نەکردبێ بە بەرتاو**
**ماچم لەگوڵە وەنەوشە بۆ نەدروبیت**

**بەیانیەکم پێ بڵێ**
**لەتەماشاکانما نەمڕواندبی و**
**لەخۆشما ئاو پرژێنم. نەکردبێتی**
**لەخۆشما دامنەگیرساندبی**

**بەیانیەکم پێ بڵێ**
**لەخۆما گریم نەدابی و**
**لە خۆما وەك شیعرەکانم**
**بەپەنجەرەی**
**ڕۆحما هەڵمنەواسیبی**
**بەیانیەکم پێ بڵێ**

**ئەتانبینم**
**لە بەر ئاوێنەیەکی بەساڵا چودا دەتانبینم**
**ئەو بەدرۆوە پرچی تۆ شانە دەکات**
**تۆش بەلای**
**فیڵێکی کورتە باڵاوە دانیشتویت**
**نامەیەك بۆ ڕۆحی لەبارچوی من دەخوێنیتەوە**
**نامەیەك کە بۆنی پەنجەکانی باوکمی لێ**
**دەتکێ و**
**لێدانی دڵی دایکمی پیا شۆڕبۆتەوە**

**ئەتانبینم**
**چاوێکتان لەگیرفانی کراسەکانتانایەو**
**چاوەکەی تریشتان لەسەر قەراغی**
**دیواری قومارخانەیەك داناوە**

**ئێوە درۆیەکی تەڵخ بوون**
**لە ئەزەلەوە ئولفەتان بە خوێنەوە گرتبو**
**دژی یاسای ماچوو باوەشی عاشقانە بوون**
**ئولفەتان بەسوتاندنی گەڵای دار ئەرخەوان و**
**زەردە خەنەی دار بەڕوو گرتبوو**

**ئەتانبینم**
**لەئاوێنەیەکی تەڵخا دەتانبینم**
**ئێوە مامەڵەی لە سێدارەدانی**
**کۆترە شینکەکانتان لەگەڵ ئیبلیسدا دەکرد**
**کووژەکەیەکی شینتان**
**بەناوچەوانی کاك هەڵۆداهەڵدەواسی**
**میلی تفەنگتان لەسەر کەروێشکە سپیەکان**
**دەهێنایەوە**
**سەر پۆشەکەی سەری مریەمتان لەمەزاتخانە**
**هەڕاج کرد**

**ئێوە لە ئەزەلەوە**
**ئولفەتتان بەخوێنەوە گرتبوو**
**دژی یاسای**
**کچی عازەب و**
**گۆزە و کانی بوون**
**فڕینی ئاوتان بەئاسمانەوە بەر فیشەك دەدا**
**بارانتان زیندە بەچاڵ دەکرد**
**تەڵەو داوتان بۆ کچە چاوشینەکانی**
**ئاسمان دەنایەوە...**

**حەکیم میرزا**
**سوید: کۆنگێلف**

# چارەسەر شۆڕشە بۆنەمانی کرۆناکانی سەردەم

عبدالرحمن رسول



پارێزەرانی سەرمایەداری تەنها قازانجی سەرمایەیان بەلاوە گرینگە نەک نرخی مرۆڤایەتی.

هەروەک مارکس دەڵێت سەرمایەداری ئەو درەختەی کەنەتوانێ سێبەرەکەی بفرۆشێ ئەی بڕێتەوە. بەهۆی سیستەمی سەرمایەداری و سیستەمیی دینی و سیستەمیی نەتەوەییەوە لەم کۆمەڵگەیە بێ ڕوحمەدا ژیان هەرزانترە لە نان. بۆ نەمانی چەوساندنەوە و ئازار و ئەشکەنجەدانی مرۆڤەکان پێویستی بەگۆڕانی سیستەم هەیە، بەهاوکاری وپشتیوانی سەرجەم مرۆڤە چەوساوەو ئازادیخوازو یەکسانیخوازەکان. ئەمە چارەسەری کۆتایی کێشەو قەیرانەکانی مرۆڤایەتییە، پێویستە تێکۆشانی بۆ بکرێت هەتاوەکو سیستەمێکی باشتر دابمەزرێت. بەوپێیەی کۆڵەکەی سیستەمی سەرمایەداری بەرهەمهێنان و قازانجە، لەپرۆسەی ئەو بەرهەمهێنان و قازانجەشدا تا دەتوانێت سوود لەسەرچاوە سروشتییەکان و ژینگە دەبینێت، ئەویش بە داگیرکردن و تەسککردنەوەی سنوور و فەزاکەیان بۆ وەبەرهێنانەکەی خۆی، بە پێدانەوەی چەندین جۆری جیاوازی دوکەڵی پیس و ژەهراوی. پیسکردنی ژینگە و گەشەدان بەتیرۆرو کۆمەڵکوژی هەمووی بۆ سوودی سەرمایەداری بووە ئەم جارەش بڵاوبوونەوەی نەخۆشی کرۆنا هەر بەسوودی سەرمایەداری تەواو دەبێت، چونکە ئامانجی سەرمایەداری کۆکردنەوەی قازانجی ئابووری و مانەوەیەتی. لەبارەی وێرانکردنی ژینگە کارەساتی سووتانی دارستانی ئەمازۆن و ئاژەڵانی دارستانەکە ڕوویدا لەبەر چاوچنۆکی سەرمایەداران بوو، نەک ڕووداوێکی سرووشتی دوور لەدەستی مرۆڤ بێت. دەیانەوێت سوودی ئابووری لەوناوچەیە وەربگرن. پێویستە مرۆڤی سەردەم وشیار بێت کەیاسا وسیستەمی سەرمایەداری، دوژمنە سەرسەختەکەی مرۆڤە. هەموو دەسەڵاتەکانی بەڕێوەبردن لە جیهاندا دەسەڵاتی سەرمایەداری هەڵی دەسوڕێنێت، بەپێی توێژینەوەی زانستە پزیشکییەکان و زانیارییە تەندروستییەکان، نەخۆشی کۆرۆنا بۆ منداڵانی خوار پانزە ساڵ کەمترین مەترسی هەیە وە هەروەها بۆ گەنجانی تەندروست باش تا تەمەنی شەست ساڵ بەهەمان شێوە، گەنجان باشتر دەتوانن خۆپارێزی بکەن و ئەوەی دەمێنێتەوە مرۆڤە بەتەمەنەکانە لەگەڵ منداڵ و گەنجە نەخۆشەکان کە ناتوانن زۆر باش چاودێری وخۆپارێزی خۆیان بکەن، سەرمایەداری پێویستی بەم جۆرانەی لە مرۆڤ نییە و هیچیان پێ بەرهەم نایەت، نەک هەر ئەوە، بەڵکو ڕزگاری دەبێت لەبەخێوکردنیان و داهاتی ئابووری بۆ دەوڵەت وسیستەمی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە.

سەرمایەداری لەجیهاندا هەست و سۆزی نییە، هەروەکو مارکس دەڵێت بێ ڕوحم وبێ بەزەیی یە، پێویستە مرۆڤ وشیاربێت لەپێناوی سەلامەتی خۆی و ئازیزان وخۆشەویستانی زۆرباش خۆپارێزی بکات لە ڤایرۆسی کۆرۆنا. سیستەمی سەرمایەداری گەشەکردن ومانەوەی لەسەر گۆشت و خوێن و ژیانی مرۆڤە، سەرمایەکانیان کەڵەکە دەکەن، شەڕی بایەلۆژی هیچی کەمتر نییە لەشەڕەکانی تر لەڕووی هێنانی داهاتەوە بۆگیرفانی سەرمایەدارەکانیان. شەڕەکانیان بەردەوامە تەنها ناوەکانیان دەگۆڕێت. سەرمایەداری هەمیشە لەقەیران دایە و خۆشی نکۆڵی لێ ناکات وسیستەمی سەرمایەداری هەوڵ ئەدات کەمی بکاتەوە چاکسازی بکات و خۆی نوێ بکاتەوە، بەڵام سروشتەکەی قەیراناوییە و بەکێشە وئاڵۆزی بەڕێوە دەچێت. جەنگ برسێتی پەتاو نەخۆشی بێکاری وهەژاری بڵاوکردنەوەو هاندانی بیری توندڕەوی و ڕەگەزپەرستی دیکتاتۆریەت و دیموکراسیەتی ساختە، تاڵان و شەڕو هەژاری و بێکاری و ئاوارەیی و کۆچ هەمووی بەرهەمی سیاسەتی زاڵمانەی سستەمی سەرمایەدارییە.

هەر وەکو کورد دەڵێت: "باران بباریَ ئاشت دەگەڕێ باران نەباریَ جووتی دەگەڕێ" ئەمە بۆ سیستەمی سەرمایەداریش درووستە، کاتێک شەڕە یان نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە ئەو بەدوایی قازانجەوەیە بۆ زیاتر کەڵەکە کردنی سەرمایەکەی. زۆربوونی ڕێژەی ژمارەی دانیشتوانی سەرزەوەی بۆ سیستەمی سەرمایەداری بۆتە کێشە، لەبەرئەوەی خەریکە زۆرینە دەبێت بە بێکارو دەچێتە پەراوێزی کۆمەڵگاکان، دەبێتە فشارێک لەسەری. کە لەسەدەکانی ڕابردوو شەڕەکان بوونە هۆی کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانی سەر زەوەی ئەوا ئەم جارە بە بڵاوکردنەوی ڤایرۆسی کرۆنا ئەوە ئەنجام دەدات. سیستەمی سەرمایەداری چەوسێنەرە لەپێناوی پارەدا چەندین ساڵە بۆ گیانی خەڵک کرۆناکانی دزی وگەندەڵی بەرهەم دەهێنێت. خودی سیستەمی سەرمایەداری لەسەربناغەی چەوسانەوەو نایەکسانی وسەرکوت دامەزراوە، ئامانجی تەنها کۆکردنەوەی سەرمایەو مانەوەی ئەم سیستەمە چەوسێنەرەیە. کاتێک زانست و زانیاری بەرهەمدەهێنن بۆقانج وکۆکردنەوەی پارەیە، نەک خزمەتکردنی مرۆڤایەتی، بەڵام بەشێک لەمرۆڤەکان پێیان وایە سەرمایەداری زانست وتەکنۆلۆجیای بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی بەرهەم دەهێنێت. لەوە ناحاڵییە کە سەرمایەداری ئامانجی بەدەستهێنانی پارەیە. بۆیە تاسەرمایەداری وەک سیستەم بمێنێت کێشە وقەیرانی تریش بۆ مرۆڤایەتی سازدەکات.

کە کتێبی کەپیتاڵی مارکس دەخوێنیتەوە باشتر لەسیستەمی سەرمایەداری دەگەیت. کەباسی چەندین بابەت دەکات لەوانەباسی زێدەبایی دەکات، هەرچەندە زۆرێک لەنووسەران و توێژەرەوانی سەرمایەداری ڕەخنە لە بۆچوونەکانی مارکس دەگرن، یاخود بۆچوونی مارکس بەهەڵە باس دەکەن کەپێیان وایە چۆکی داداوە لەبەردەم چارەسەری قەیرانەکانی سەرمایەداری دا باس لەکلاسیکی بوونی کۆمۆنیزم دەکەن یان دواتر باس لەموتڵەقگەرایی فکری کۆمۆنیزم دەکەن. بەپێچەوانەی ئەمانەوە کۆمۆنیزم لەسەر ئەساسی ڕەخنەگرتن وڕەخنە لەخۆ گرتن وململانێکان هاتۆتە کایەوە، هەروەها کارڵ مارکس باس دەکات کە زێدەبایی چۆن دروست دەبێت :کرێکاران لەئەنجامی کارکردنیان حەقدەستی تەواوی خۆیان وەرناگرن (دەچێتە گیرفانی خاوەن کارو سەرمایەدارانەوە وبەزۆربێ یان بەدزی) بەشێکی کەپێی دەوترێ (زێدەبایی کار /فائض قیمة العمل) دەچێت بۆ خاوەنکارەکان و دەبێتە هۆی کەڵەکەبوونی سەرمایە لای سەرمایەداران. بەم کۆکردنەوەی دزییە کە بەرهەمی کاری کرێکارانە پارەی خاوەنکار وسەرمایەداران زیاددەکات ڕۆژانە. ئەمە کرۆکی سەرمایەداری و ئابووری سەرمایەدارییە، کە لەسەربناغەی دزی وڕاو ڕووت و تاڵانی گەشەدەکات، دۆزینەوەی ئەم تیورییە کە بنەمای سەرمایەداری و ئابوورییەکەی لەسەر دروست بووە و دامەزراوە.

هەربۆیە مارکس ڕاست دەکات، چونکە سەرمایەداران بەبێ دزی و فێڵکردن ناتوانن بەوجۆرە دەوڵەمەندبن و ببنە سەرمایەدار. قازانج و بازرگانی جۆرەکانی سوود و نرخ و ئاڵوگۆر هەمووی لاوەکین ناگەنە ئەوەی کە جێی زێدەبایی کار بگرنەوە بەمەش کارل مارکس وەک گەورەترین بیرمەند و ڕابەر بنەمای تیوری دامەزراند بۆ ڕزگاری کرێکاران و مرۆڤایەتی لەکۆت و زنجیرەکان وبەندی سەرمایەداری و سیستمە دژی مرۆڤایەتی یەکەی کەرۆژ بەڕۆژ زیاتر مرۆڤەکان دووچاری چەوسانەوە و ستەمکاری دەبن. بۆ ڕزگاری لەچەوسانەوەش کرێکاران و هەژاران وزەحمەتکێشان، پێویستیان بە تیوری شۆڕشگێڕانە و زانستی هەیە بۆ دیاریکردنی دوارۆژی خۆیان و ڕزگاری یەکجارەکی کە ئەویش ئەوەیە کە مارکس دەڵێت کرێکارانی جیهان یەکگرن. لەقۆناغی ئێستاش ئەم ڕستەیە کە مارکس داوا و پێشنیار بۆ کرێکاران دەکات کە هێزی تێکۆشانیان لەدژی یاسا وسیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری یەکگرتوو بکەن، خۆیان ڕێکخراو بکەن وەک نەخشەڕێگایەکی ئینسانی دەخاتە ڕوو کە لەئێستادا سیستەمی سەرمایەداری ڕۆژانە گیانی کرێکاران وهەژاران و چەوساوەکان لەناو دەبات باشترین نەخشە ڕێگا ئەوەیە کە کرێکاران و زەحمەتکێشان وچەوساوەکان شۆڕش بکەن لەدژی سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری، چونکە مرۆڤایەتی لەئێستادا لەسەرتاسەری جیهان لەقەیران وکێشەی گەورەدایە، هەروەکو فۆکۆیاما دەڵێت ناتوانێت سەرمایەداری لەئێستادا چارەسەری قەیرانەکانی بکات. هەربۆیە مارکس دەڵێت سەرمایەداری خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنێت. چونکە قەیران و کێشەکان بۆخۆی دروستی دەکات بەدزی وچەوسانەوەی چینی کرێکار دواتر چینی چەوساوە ڕادەپەڕێت و شۆڕش دەکات خۆی وکۆمەڵگە ڕزگار دەکات. بڵاوبوونەوەی ئەم ڤایرۆسی کرۆنایەش بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی دانیشتوانە، چونکە لەساڵی ٢٠١٩ لەزۆرێک لەوڵاتانی جیهان خەڵکی بێکارو چەوساوە خیابان وشەقامەکانیانی لەدژی چەوسانەوە و نایەکسانی و سەرکوتەکانی گرتبوو زۆر باش دەزانن ڕێکخراوبوونی ئەم لێشاوە جەماوەرە نارازی گەورەترین شۆڕش و ڕاپەڕین لەدژی یاساکان وسیستەمی سەرمایەداری ئەنجام دەدات، بەکەمکردنەوەی ژمارەی مرۆڤەکان فشارەکانی سەر خۆی کەم دەکاتەوە، جیهانی مرۆڤایەتی بۆ ماوەیەک سەرقاڵ دەکات دواتر لەلایەن کۆمپانیاکانی سەرمایەدارییەوە دەرمانی چارەسەر و کەرەستەکانی خۆپارێزی بەرهەمدەهێنن، کەئەوەش دەبێتە کۆکردنەوەو کەڵەکەکردنی زیاتری سەرمایە وپارەیەکی خەیاڵی بۆ سەرمایەدارانی چاوچنۆک .

خودی ڤایرۆسی کوشندە کاپیتالیزمە، هەتا کاپیتالیزم مابێت، مرۆڤایەتی لە مەترسیدایە. تێکۆشان دژی سیستمی سەرمایەداری و گۆڕینی بە سیستەمێکی شورایی خەڵک، پێویستیی بە خەباتی چینایەتیی یەکگرتووی ژنان و پیاوان هەیە کە بزوتنەوەیەکی ئینسانی لەتەواوی جیهانی مرۆڤایەتی بەبێ چەندو چۆنی گەرەکە لەبەرئەوەی سیستەمی سەرمایەداری پێش ئەوەی نەخۆشی بڵاوبێتەوە دەرمانی بۆدروست دەکات، بۆئەوەی پارەی زیاتر کۆبکەنەوە، بۆ نەخۆشی کۆرۆناش هەروایە. مرۆڤایەتی دەرگیری سیستەمی زاڵمانەی سەرمایەدارییە، کە پاراستنی ژیانی مرۆڤەکان و ژینگەی بەلاوە گرینگ نییە، تەنها ئامانجیان کۆکردنەوەی پارەی زیاترە ئەوەش دەزانین ئەوانەی سەرمایەدارییان بەهێزکردووە، مرۆڤن، ئێمەش کە لە سەرمایەداریی نارازین، مرۆڤین، کەواتە دەبێت ئێمەش بەهێزبین بەکۆکردنوەی هێزی تێکۆشانی تەواوی نارازیانی سیستەمی سەرمایەداری وچەوسێنەر تاوەکو رووبەڕووی مەترسییەکانیان ببینەوە. لەئایندەدا خەڵک خۆی لەڕێگای شوراکانیانەوە کۆمەڵگەکان بەڕێوەبەرن و چاودێریش بن بەسەر جۆری بەڕێوەبردن و پاراستنی دا...



## ئازاد مەجید: ئێمە لەکەرکوك دەستمان بەسەر چەندان تەن خواردەمەنیدا گرت، کەلەلایەن بەرپرسانی حزبە کوردیەکانەوە شاردرابووەوە. بردمان بەشێوەیەکی یەکسان لەبارەگای شوراکان دابەشمان کرد بەسەر خەڵکیدا، هەروەها ئەمنیەتی گەڕەك و دامەزراندنی تیمی پزیشکی، و هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەڕەك بەشێوەیەکی شەفاف و ڕاستەوخۆ بەبەرچاوی خەڵکەوە

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ ئازاد مەجید هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی شوورایی شاری کەرکوك سەبارەت بە ئەزموونی شوراکانی شاری کەرکوك...

**بۆپێشەوە: دوای ۲۸ ساڵ بەسەر بزووتنەوەی شورااییدا، چۆن دەڕوانە ئەزموونی شوراکان؟**

**ئازاد مەجید:** شوراکان لە ساڵی ۱۹۹۱ تەجروبەیەکی تازە بوو لەمێژووی بزووتنەوەی جەماوەری و کرێکاری وکۆمۆنیستی لەکوردستان. بەتایبەتی تا ئەوکاتە ئەم تەجرووبەیە بەعەمەلی لەکوردستان ڕووی نەدابوو .ئێمە لە کتێبەکان ولەمێژوی شۆڕشەکانی وەک ئۆکتۆبەر و شوڕشی ئێراندا خوێند بوومانەوە، چۆن دەس پێبکەین؟ چۆن سەرکەوتوو ئەبین؟ بۆمان ڕۆشن نەبوو، کارێک بوو ئەبوایە خۆمان دەستمان پێبکردایە و لەنەتیجەی کارەکانمان فێری بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی گەڕەکێک یا چەند گەڕەکێک و دابینکردنی پێداویستییەکانیان لەخۆراک و خزمەتگوزاری و ئەمنیەتیان، لەکولیەتی خۆیدا دامەزراندنی سیستمێکی شورایی لە ئاستی چەند شارێک یاخۆ کوردستان، ئەگەر سەرکەوتوبوینایە؟ بەڵام ئەوەی ئێستا بێین و دوای ئەوەندە ساڵە، دوای تەجرووبەیەک بڕوانینە ئەو مێژووە کەخۆی کەمتر لە مانگێک لەشارەکانی کوردستان، وە لە کەرکوک ۱-۲ هەفتە لەژێر فشاری شەڕو هێرش و تۆببارانکردنی شار لەلایەن حکومەتی بەعس، و خەڵکیش لەترس و دڵەڕاوکێی گرتنەوەی شار لەلایەن بەعسەوە، کارێکی قورس و گران بوو. بەهەرحاڵ هەموو کەم تەجرووبەیەیی ئێمە کۆمۆنیستەکان هەمان بوو نە دیتن و ڕانەهاتنی خەڵک لەگەڵ ئەم شێوە سیستم وبەڕێوەبردنە وهەستکردن بەوەی کە ئەحزابە ناسیونالیستە کوردییەکان دژایەتیان دەکەن. ئەگەر وەزعەکە درێژەی بکێشایە حەتمەن کاری زۆر باشمان دەکرد و خیبرەی باشترمان پەیدا دەکرد، لە مەیدانی خزمەتکردن و دابینکردنی پێداویستیەکان لە ئاو و کارەبا و خواردەمەنی کە ئەوکاتە ژیان زۆر سەخت بوو، خۆراک زۆر کەم بوو وە دابەشکردنی لەلایەن شوراکانەوە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر خەڵکدا، کەئەوکاتە ئێمە لەکەرکوک دەستمان بەسەر چەندان تەن خواردەمەنیدا گرت، کەلەلایەن بەرپرسانی حزبە کوردیەکانەوە شاردرابووەوە. بردمان بەشێوەیەکی یەکسان لەبارەگای شوراکان دابەشمان کرد بەسەر خەڵکیدا، هەروەها ئەمنیەتی گەڕەک و دامەزراندنی تیمی پزیشکی، و هەڵبژاردنی نوێنەرانی گەڕەک بەشێوەیەکی شەفاف و ڕاستەوخۆ بەبەرچاوی خەڵکەوە، بەشداریکردنی خەڵکی عەرەب وتورکمان لەگەڕەکی ئێمە بەتایبەتی کە لەهەموو نەتەوەکانی لێبوو، ببووە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکەکە، بەشداری چالاکانەی ژنان و تەنانەت هەڵبژاردنیان وەکو نوێنەر زۆرگرنگ بوو. من بەش بەحاڵی خۆم بەتەجروبەیەکی گرنگ وسەرکەوتوو بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵکی دەزانم، سەرەڕای ئەو کەموکورتیانەی کە ئێستا دوای نزیک بە سی ساڵ، حەتمەن ڕەخنەمان دەبێت. ئەوەی کەنەیتوانی ببێتە دەسەڵات لەکوردستان؟ ئەوەیان شتێکی ترە، ئەوەی کە بۆچی سەرنەکەوت، بۆ شوراکان درێژەیان نەکێشا؟ ئەوە باسێکی ترە ئەکرێ لەشوێنێکی ترا باسی لێوە بکەین، بەڵام بەگشتی تەجروبەیەکی زۆر گرنگ بوو بۆبەڕێوەبردنی ژیان بۆ دەسەڵاتدارێتی بۆ فێرکردنی خەڵک بۆ بەشداری ڕاستەوخۆ لەدەسەڵات.

> **بەشداریکردنی خەڵکی عەرەب وتورکمان لەگەڕەکی ئێمە بەتاییەتی کە لەهەموو نەتەوەکانی لێبوو، ببووە جێگەی سەرسوڕمانی خەڵکەکە، بەشداری چالاکانەی ژنان و تەنانەت هەڵبژاردنیان وەکو نوێنەر زۆرگرنگ بوو. من بەش بەحاڵی خۆم بەتەجروبەیەکی گرنگ وسەرکەوتوو بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی خەڵکی دەزانم...**

**بۆپێشەوە: سەرباری هەر کەموکوڕییەیەک وە وێرای تەمەنی کورتی شوراکان، دەستکەوتەکانی شوراکان و بزوتنەوەی شورایی چی بوون؟**

**ئازاد مەجید:** لە وەڵامی پرسیاری پێشودا لەچەن شوێن ئیشارەتم بەو دەسکەوتانە داوە، بەڵام بۆ ئێمە کۆمۆنیستەکان یەکەم شت ئەوە بوو کەبەشێوەیەکی عەمەلی دەرگیری بووین لەگەڵ جەماوەر کە وەڵامێکی عەمەلی لێمان دەویست. چ کارێک بکەین کە بەشێوەیەکی نوێ وجیاواز لەوانەی لە ڕابردودا لەلایەن ئەحزابە ناسیونالیستانەوە کە باربوون بەسەریانەوە و خەڵکیان تا ئەوشوێنە پێویست بوو کەخۆیان ببنە دەسەڵات و خەڵک خزمەتکار و گوێ ڕایەڵی ئەوان بێت، بەرزبونەوەی ئاستی وشیاری سیاسی خەڵک لەمەجالی خۆهەڵبژاردن وەک نوێنەرایەتیکردنی بەرژەوەندیکانی خۆیان، بۆبەڕێوەبردنی کاروباری گەڕەک و شار، وە بۆ دیفاع لەمافە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیان شوراکان دەوری زۆریان بینی لەو شیارکردنەوە وئاشنابونیان بەکۆمەڵێک دروشم، کە پێشتر لەمێژووی خەباتی خەڵکی کوردستاندا نەبیسترابوو، و پێی ئاشنا نەبووبوون وەکو ئازادی و یەکسانی ، نان، کار، ئازادی، حکومەتی شورایی، مافی یەکسانی ژن و پیاو. بۆ یەکەمین جار بوو لە ئاستی فراوان و کۆمەڵایەتیدا پیشاندرا کەلەکوردستان بەتەنها ناسیونالیزم نییە، بەڵکو ئەمجارەیان کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش، بەشیعارو ڕیزی سەربەخۆی چینایەتی خۆیانەوە سەرسەختانە دیفاع لەخۆیان دەکەن. هەربەو بۆنەیەوە دەمەوێ ئیشارە بەخاڵێک بکەم؛ کە خەڵک بەبۆنەی ئەو بزووتنەوەیەوە ئاشنا بوو بەکۆمەڵێک بۆنە و یادی شۆڕشگێرانەی چینایەتی جیاواز لەبۆنە و یادە ناسیونالیستانەی کە باوبوون: وەکو یەکی ئایار جەژنی چینایەتی کرێکاران و ۸ مارس ڕۆژی جیهانی ژنان...تاد.

**بۆپێشەوە: زۆر هۆکار وەکو پاشەکشەی شوراکان ئاماژەی پێدەکرێت، بە بۆچوونی تۆ هۆکاری سەرەکی پاشەکشەی شوراکان چی بوو؟**

**ئازاد مەجید:** سەرەتا چەپ و ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکان تەجروبەیەکی وایان نەدیتبوو، چونە ژێرباری کارێکی جەماوەری و کۆمەڵایەتی کەلەشان و شەوکەتی ئەم بزووتنەوەیە نەبینرابوو. بۆیە تاحەدێک ئاڵۆزی و سەرەگێژییەک توشی چەپ بوو. کۆمۆنیستەکان تا ئەوکاتە باسی شوڕش و شوراکانی لەکتێبەوە خوێندبووەوە تەرجومەکردنی بۆ واقیع وکارێکی وا زەحمەت بوو، خۆمان و ڕێکخراوەکانمان تاحەدێک بێبەش بووین لە نفوزێکی اجتماعی، بەهێزی ڕاپەڕین وخرۆشانی جەماوەری فرسەتێکی پێماندا کە تێکەڵ بەبزووتنەوەیەکی واقعی کۆمەڵایەتی ببین، و خۆمان تاقیبکەینەوە، هەموو ئەمانە و سەرباری نەبوونی ئاسۆ و بەدیلێکی سیاسی، و لەنەبونی حیزبێکی کۆمۆنیستی بەهێز، و ڕابەرانێکی ناسراوی کۆمەڵایەتی و لەئاستی سەرتاسەریدا ناسراو، وە نەبوونی ئاسۆیەکی ڕۆشن بۆگرتنە دەستی دەسەڵات بوونە هۆی پاشەکشەی شوراکان و نەیانتوانی درێژە بەتەمەنی خۆیان بدەن. سەرەڕای ئەمانە کەمی کاتەکە، ڕزگارکردنی کوردستان بەتاییەتی کەرکوک و گێرانەوەی لەلایەن بەعسەوە بۆ جاری دووەم هەمووی مانگێک نەبوو!

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی ڕابەران و هەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی کرێکاریی لە شوراکاندا چی بوو؟**

**ئازاد مەجید:** سەبارەت بەڕۆڵ و دەوری ڕابەران وهەڵسوڕاوان؛ ،بەڕەئی من کێشەکە کەم کاری و ساردوسڕی نەبوو، بەڵکو هەمومان شەوڕۆژمان خستبووە سەریەک بۆ دامەزراندنی شوراکان لەگەڕەکەکان بۆساتێک نەدەوەستاین بۆ دابینکردنی پێداویستەکانی خەڵک و پاراستنی ماڵ و حاڵیان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، بەرەی کوردستانی بەچەکدارو میلیشیاکانیان کەوتبوونە تاڵانکردنی دامودەزگا و شەریکاتی حکومی، هەر سەیارە و شتومەکی دائیرەکان بوو دەیان برد، تەنانەت سڵیان لەماڵ و حاڵی خەڵکیش نەدەکردوە و دەچوون لەو گەڕەکانەی تورکمان وعەرەبی لێبوو سەیارەیان لێوەردەگرتن و دەیانگوت پێشمەرگەمان بریندارە دەیبەین بۆ نەخۆشخانە، چووبوونە سەر ماڵێکی عەرەب لەگەڕەکی حسابات و ماڵەکەیان تاڵان کردبوو، خاوەن ماڵەکە جەڵتە لێیداو دواتر تا گەیاندمانە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا.

بۆیە ئەمنیەتی گەڕەک یەکێ بوو لەئەولەویاتی کارو هەڵسوڕانمان، بەتایبەت لەکەرکوک وەزعەکە تایبەت بوو؛ کەس بەکەس نەبوو هەرچی بکرایە هەروا تێدەپەڕی و دەڕۆیشت هیچ دەزگایەکی لێپرسینەوە نەبوو بۆپاراستنی ماڵ و حاڵی خەڵک. هەر بۆیە یەکێک بوو لەکارە جدیەکانی گەڕەک لەلایەن شوراکانەوە.

**بۆپێشەوە: ژمارەیەک لەهەڵسوڕاوانی بزوتنەوەی شورایی، لە بەرامبەر بە گەڕانەوەی بەعسدا، بەرگریان کرد، تا چەندە لاتان وایە ئەو بەرەنگارییە دروست بوو، لە کاتێکدا هێزی شوراکان و دەوڵەت زۆر نابەرابەر بوو؟**

**ئازاد مەجید:** بزووتنەوەی شورایی وەک بەرهەمی خەباتی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، وەک بەدیلی کۆمۆنیستەکان لەوکاتەدا بۆ دەسەڵات، بێبەری نەبوو لەکۆمەڵێک کەموکوڕی: بەتایبەتی...

بۆلاپەڕە.. 13



# عەلی عەبدولکەریم: دامەزراندنی شوراکان کارێکی خۆڕسکانە نییە، بەڵکو کارێکی ڕێکخراوەییە و شێوازێکیترە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ئەڵتەرناتیڤی شێوازی ئێستا و باوی کۆمەڵگەیە. بۆ ئەمەش بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئەکرێت کۆمەڵگەی بۆ ئامادە و ڕێکبخات...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز عەلی عەبدولکەریم چالاکوانی سیاسی سەبارەت بە ئەزموونی بزووتنەوەی شورایی لە کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٩١

**بۆپێشەوە: بزوتنەوەی شورایی لە دڵی هەلومەرجێکی کۆنەپەرستانە و جەنگی و ڕاپەڕینێکی ژێر ئاسۆی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردیدا ڕوویدا، ئەو هەلومەرجەی کە بزووتنەوەی شورایی تیایدا دەستپێیکرد چ کاریگەریەکی لەسەر شوراکان و بزووتنەوەی شورایی هەبوو؟**

**شورا چییە؟ چۆنە؟ سیستەمی شورایی چییە؟ چۆن دادەمەزرێت؟ چۆن کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات؟ کارە ئیداری و ئابورییەکانی چۆن ڕێکدەخات؟ بەشداری خەڵک تیایدا چۆنە؟ ئەمانە تا ئێستاش بۆ کۆمەڵگە ڕوون نییە. کۆمەڵگەش باوەش بۆ شێوازێکی نوێی بەڕێوەبردن ناکاتەوە، کە وەڵامی پرسیارەکانی تیادا وەرنەگرێتەوە.**

**عەلی عەبدولکەریم :** بە بڕوای من بزووتنەوەی شورایی لە کات و ساتێکدا سەریهەڵدا کە تەواوی جومگەکانی کۆمەڵگەیەک، کە پێناسەی کۆمەڵگەی مەدەنی دەیگرێتەوە، لەبەریەک هەڵوەشابووەوە. کۆمەڵگەیەکی ماندوو بە دەست جەنگێکی هەشت ساڵە و گەمارۆیەکی ئابوری تاقەتپڕوکێن کە سەروسیمای کۆمەڵگەی بردبووەوە سەر کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی و دابڕاو لە دەرەوەی خۆی. ئاستی چاوەڕوانیەکانی خەڵک بە جۆرێک هاتبوە خوارەوە کە بە هەر ئەڵتەرناتیڤێکی دوای دەسەڵاتی بەعس خۆشحاڵ و خۆشباوەڕبێت.

هەبوونی زەمینەیەکی لەبار بۆ ئەڵتەرناتیڤی قەومی کە دەسەڵاتی خۆماڵی و کوردانە یەکسان کرابوو بە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی. لە کۆتایشدا ئەم پێتانە بە قازانجی حیزبە چەکدارە قەومیەکان کۆمەکی گەورەی کرد.

خاڵێکیتر کە گرنگە ئاماژەی پێبکەم خودی ڕاپەڕینەکەیە، کە ئەگەر سەرنجبدەن، ڕاپەڕینێکی بە مانای وشە پیاوانە بوو. بەشداری ژمارەیەکی دیاریکراو لە ژنان، مۆرکی پیاوانەیدا لە ڕاپەڕینەکە و ئەمەش لەگەڵ فۆرم و شێوازی حیزبی کوردیدا هاوبەش و تەبابوو. ڕاپەڕینێکی لەوجۆرەش، کۆمەڵگە لە دەستی دەموچاوەکان ڕزگار دەکات، بەڵام لە باوەشی هەمان سیستەمدا دەیهێڵێتەوە. سەرباری ئەوەش پەرشوبڵاوی بەرەی چەپ و ئازادیخواز و نەبوونی ئەزمونی لەپێشینەی شورایی لە عێراق و کوردستان کۆمەککەربوون بەسەرنەکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە.

**بۆپێشەوە: زەمینەکانی دوبارە دەستبردنەوە بۆ بزووتنەوەی شورایی چین؟ ئایا دەکرێت لەهەموو هەلومەرجێکدا دەست بۆ دامەزراندنی شوراکان ببرێت؟**

**عەلی عەبدولکەریم:** بەبڕوای من، ناکرێت دامەزراندنی شوراکان و سیستەمی شورایی وەک ئەگەرێکی ( ئەبێت یان نابێت) یان ( لەبارە یان لەبار نییە) مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. دامەزراندنی شوراکان کارێکی خۆڕسکانە نییە، بەڵکو کارێکی ڕێکخراوەییە و شێوازێکیترە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە و ئەڵتەرناتیڤی شێوازی ئێستا و باوی کۆمەڵگەیە. بۆ ئەمەش بزووتنەوەی چەپ و کۆمۆنیستی ئەکرێت کۆمەڵگەی بۆ ئامادە و ڕێکبخات. ڕوونکردنەوەی سیستەمی شورایی بۆ کۆمەڵگە و ڕۆشنکردنەوەی ئەوەی کە کۆمەڵگە چۆن بەڕێوەدەچێت لە سیستەمی شورایدا، خاڵێکی گرنگە. ئێوە سەیرێکی ئەحزابی بەرەی بەرامبەر بکەن، هەمیشە و هەردەم سیستەمی پەرلەمانی وەک باشترین و لەبارترین سیستەمی کۆمەڵگە بە کۆمەڵگە دەناسێنن و تەبلیغی بەردەوامی بۆ دەکەن. ڕۆژانە ناوی پەرلەمان و دەستور و سیستەمەکەی خۆیان بە گوێی خەڵکدا دەدەن. لە بەرامبەردا سیستەمی شورایی وەک فۆرمێکی بێتەفسیر و بێشیکاری و بێزانیاری بە گوێی ژمارەیەکی کەم لە کۆمەڵگە دەگات. شورا چییە؟ چۆنە؟ سیستەمی شورایی چییە؟ چۆن دادەمەزرێت؟ چۆن کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات؟ کارە ئیداری و ئابورییەکانی چۆن ڕێکدەخات؟ بەشداری خەڵک تیایدا چۆنە؟ ئەمانە تا ئێستاش بۆ کۆمەڵگە ڕوون نییە. کۆمەڵگەش باوەش بۆ شێوازێکی نوێی بەڕێوەبردن ناکاتەوە، کە وەڵامی پرسیارەکانی تیادا وەرنەگرێتەوە.

**ئەمڕۆ کە زۆرینەی خەڵک بڕوای بە حکومەت و دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان نەماوە فرسەتێکی گەورەیە بۆ ڕێکخستنی خەڵک لە شوراکاندا. لە گروپی بچوکی گەڕەکەکان و شوێنی کارەوە دەستپێبکەین و بکەوینە ڕێکخستنی خەڵک. خۆڕێکخستن و دواتریش فراوانکردنی ئەو ڕێکخستنە دەتوانێ هەنگاوی خێرا بە ئاقاری دروستکردنی شوراکاندا بنێ، تا لە ڕوی پراکتیکیەوە دەسەڵات لە شوێنی ژیان و کاردا دەکەوێتە دەست خەڵک خۆیەوە.**

بە کورتی زەمینەسازی بۆ دامەزراندنی شوراکان و سیستەمی شورایی کارێکی ڕێکخراوەییە و کۆمەڵگەی بۆ ئامادە دەکرێت. ئەمەش حیزبی جدی ئەوێت کە پلانی جدی هەیە بۆ ئاڵوگۆڕی کۆمەڵگە. ڕێکخراوی بە پلان و بەرنامەی ئەوێت. دەزگای ڕاگەیاندنی لەبار و پێویستی ئەوێت تا زەمینەی دەمەزراندنەکە فەراهەم بکات. بەبڕوای من ئەمڕۆ کە زۆرینەی خەڵک بڕوای بە حکومەت و دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان نەماوە فرسەتێکی گەورەیە بۆ ڕێکخستنی خەڵک لە شوراکاندا. لە گروپی بچوکی گەڕەکەکان و شوێنی کارەوە دەستپێبکەین و بکەوینە ڕێکخستنی خەڵک. خۆڕێکخستن و دواتریش فراوانکردنی ئەو ڕێکخستنە دەتوانێ هەنگاوی خێرا بە ئاقاری دروستکردنی شوراکاندا بنێ، تا لە ڕوی پراکتیکیەوە دەسەڵات لە شوێنی ژیان و کاردا دەکەوێتە دەست خەڵک خۆیەوە.

**بۆپێشەوە: ڕۆڵی ژنان لە بزوتنەوەی شورایی ساڵی ١٩٩١ چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

**عەلی عەبدولکەریم:** بەشداری ژنان لە بزووتنەوەی شورایی ساڵی ١٩٩١ مۆدێلێکی نوێ و ئەزمونێکی تازەبوو بۆ کۆمەڵگەی کوردستان. ئەمە خاڵێکی هەرە درەوشاوەی ئەم بزووتنەوەیەیە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنان لە شوراکاندا بوون و ڕۆڵیان هەبووە، بەڵام بەڕای من ئەمە هێزی ڕاستەقینەی ژنان نەبوو. ئەکرێت وەک نوێنەرایەتی ژنانی کوردستان یان شتێکی لەو بابەتە ناو ببرێت، بەڵام هێزە ئەسڵی و ڕێکخراوەییەکەی ژنان نەبوو کە بتوانێت مافەکانی ژنان بچەسپێنێت. هەربۆیە دەبینین ئەو هێزەی ژنان نەیتوانی مۆرکی خۆی لە کۆمەڵگە بدات و کۆمەڵگە بەرەو مەدەنیەت و ئازادی و یەکسانی بەرێت. وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا کە ڕاپەڕینەکە خۆی ڕاپەڕینێکی پیاوانەبوو. ڕاپەڕینێک کە ژنان ژمارەیەکی گەورەن تیایدا، دەسکەوتەکانیشی بۆ ژنان و بۆ یەکسانی گەورەن. ڕاپەڕینی پیاوانە دەسکەوتەکانی ژنان بەدەست ناخات.

داڕووخانی سەروسیماکانی کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن لەپێش ڕاپەڕیندا کۆمەکی گەورەی بەبزووتنەوە کۆنەخوازەکان و بەشدارینەکردنی ژنان کرد لە ڕاپەڕیندا. ئامادەیی و ڕێکخرابوونی لەپێشینەی ئەحزابی کۆنەخواز و پیاوانەی بزووتنەوە قەومی و دینیەکان خاڵێکیتری نەهاتنەمەیدانی ژنانی کوردستان بوو. بەبڕوای من پرسیارێکی گرنگ کە دەبێت بپرسین ئەوەیە کە ئەو ژمارە لە ژنان کە بەشداری دروستکردن و شکڵپێدان و بەڕێوەبردنی شوراکانیان کردووە چیان بەسەرهات؟ ئەمڕۆ لە کوێن؟ بۆچی بەرەی کوردایەتی توانی هەڵیان لوشێتە ناو حیزبەکانی خۆیەوە؟ بۆچی شوراکان نەیانتوانی ئەم هێزە ڕێکبخەن و ژمارەیان بەرەو هەڵکشان ببەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەتوانێت کۆمەکی جدیمان بکات لە ئایندەدا.



# ئەردەلان هەڵەبجەیی: بە بۆچونی من دەوڵەتێکی عەلمانی دابمەزرێت کە لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون مامەڵە لەگەڵ گەلانی ئێراقدا بکات، نەک لەسەر بنەمای ئاین و نەتەوە، ئەو دەوڵەتە دەتوانێت هەنگاو بنێت وکار بۆ ئەوە بکات، کە هەڵەبجەیەکی دیکە دووبارە نەبێتەوە...

## دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ بەڕێز ئەردەڵان هەڵەبجەیی سەبارەت بە کۆمەڵکوژی دانیشتوانی هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی...

**بۆپێشەوە: ١٦ سێ ٣٢ ساڵ بەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت، دوای ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە، چۆن دەڕواننە ئەو ڕووداوە کۆمەڵکوژیە؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** لەوە تێدەگەین کە ئەو تاوانە گەورە دەرئەنجامی جەنگی نامرۆڤانەی ئێراق/ ئێران بوو، جەنگێکی نامرۆڤانەی نێوان دوو زلهێزی ناوچەکە بوو، کە کێشەی سەرەکییان پاراستنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و بەهێزترکردنی پێگەیان بوو لە ناوچەکەدا، کە دواجار ئەوکۆمەڵکوژییەی بەرهەمهێنا، ئێستاش پاش سی و دوو ساڵ هەڵەبجە برینێکە و بەردەوام خوێنی لێدەچۆڕێت، ئەوەی ئەنجامدراوە و کراوە، هەرگیز لە ئاست گەورەیی ئەو کارەساتە و ئەوەدا نییە کە لە هەڵەبجەدا ڕوویدا.

**بۆپێشەوە: تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە لە چوارچێوەی جەنگی کۆنەپەرستانەی عێراق و ئێراندا ڕوویدا، بۆچی هەڵەبجە کرا بە نیشانەی چەکی کیمیایی؟ ڕۆڵی حزبەکانی ئەوکاتەی بزووتنەوەی کوردایەتی لەو ڕووداوەدا چی بوو؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** دەسەلاتی ئەوکاتەی ئێراق هەموو شتێکی دەکرد لە پێناو مانەوەی خۆیدا، حیزبە کوردییەکان لەو ڕۆژگارەدا خراپترین نەخش و ڕۆڵیان هەبوو بۆ ڕوودانی ئەو کارەساتە، بەوەی پێش لەشکری ئێران کەوتن بۆ داگیرکردنی هەڵەبجە لەلایەن ئیرانەوە، ئەمەش بیانوویەکی گەورە بوو کەوتە دەست حکومەتی ئێراق بۆ ئەوەی هەڵەبجە کیمایاباران بکات، هەرچەندە من وای دەبینم ئەو بیانوەش نەبوایە ئەوە هەر ڕوویدەدا، بەڵام ڕەنگە لە کاتێکی دیکەدا بە جۆریکی دیکە، هەڵەبجە کرا بە نیشانەی چەکی کیمیاوی و بە ئەو چەکە قەدەغەکراوە بۆردومان کرا، لەبەر ئەو هۆکارەی لە سەرەوە باس کرا.

**بۆپێشەوە: لەناو جەرگەی تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا، ژمارەیەک بەرپرسی حزبی، خەریکی تاڵانی و دزی بوون، تەنانەت پەنجەی ژن و گەردنی ژنانی کیمیایی لێدراو، بردراو زامدار کرا، بۆ بازنی دەست و ملوانکەی ملیان... ڕەفتاری ئەو بەرپرسانە چۆن تەماشا دەکەن؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** کارێکی قیزەونانە و شەرم هێنەرە، ئێستاش کە بیر لەوە دەکەمەوە هێڵنجم دێت بەرامبەر ئەو دەستەڵاتە و ئەو بەرپرسە بێ ڕەوشتانەی کە دەستی شەهیدێک دەبڕن بۆ بازنەکەی کە بە کیمیاوی گیانی لە دەستداوە، ئەوە کارێکی زۆر دڕندانە و نامرۆڤانەیە، گەر دەسەڵات و دادگایەکی عادیلانە هەبێت، دەبێت ئەوانە دادگایی بکرێن و بەسزای خۆیان بگەیەنرێن.

**بۆپێشەوە: لە تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا، بە جیا لە دڕندەیی بەعس و دەوری جمهوری ئیسلامی ئێران، حزبە کوردییەکان و بەشێک لە بەرپرسەکانیان، ڕۆڵیان هەبووە، بۆچی تا ئێستا کەس لەو بەرپرسانە توشی لێپێچینەوەی یاسایی نەکراونەتەوە؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی عادیلانە حوکمڕانی ئەم هەرێمە ناکات، دەسەڵات دەسەڵاتی حیزبە ئەو بەرپرسانەش بەرپرسی ئەو حیزبانەن کە دەسەڵاتییان لە دەستدایە و ئەم هەرێمە بەڕیوەدەبەن، ئیدی کێ لێپێچینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکات و بە سزای خۆیان بگەیەنێت.

**بۆپێشەوە: تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، بەرگی کەمپەین و ئاکسیۆنی بەبەردا کراوە و هەموو ساڵێک لەو یادەدا حزبەکانی دەسەڵات، دێنە سەر خەت و باقی ساڵەکە و ساڵەکان، کەمترین ئاوڕ لەو کۆمەڵکوژیەی هەڵەبجە دەدەنەوە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** هەڵەبجە هەر وەک خۆیان دەڵێن کێشەی کوردی بە دونیا ناساند، بەڵام دەسەڵاتێک کە لە خەمی میللەتەکەیدا نەبێت و بەدوی بەرژەوەندی تەسکی حیزبیدا بگەڕێت لەوە باشتری لێ چاوەڕی ناکرێت، ئەوان کێشەی هەڵەبجە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەکاردەهێنن، ئیدی جارێک دەیکەنە تورەکەی سواڵ، جارێکی دیکە دەیکەنە بەرماڵ. چۆنیان بوێت ئاوا بەکاری دەهێنن هەڵەبجە وەک پێویست ئاوەدان ناکرێتەوە، خەڵکی هەڵەبجە چۆن دەژین ئەوە کیشەی ئەو دەسەلاتە بێباکە نییە!

**بۆپیشەوە: حزبەکانی کوردستان هەموو ساڵێک لە یادی تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا، دەیان بەڵێن دەدەن، تا ئێستا چی کراوە بۆ قوربانیانی هەڵەبجە و بریندارانی؟ بۆ پاککردنەوەی ژینگەی هەڵەبجە؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** دەسەڵات و حیزبەکانی فێرن ساڵانە بە بەڵێنی درۆ، زۆر شەرمنانە یادەکە بەڕێبکەن، تەنانەت تا ساڵێکیان تورەیی خەڵک لە درۆکانیان بە ئەو ئاستە گەشت، کە خەڵک مۆنۆمێنتی قوربانییەکانی خۆی بسوتێنێت. ئەمەش تورەیی و بێزاری خەڵکە بەرامبەر بە بەڵێن و پەیمانە درۆکان کە پاش چەند کاتژمێرێک دوای یادەکە لەبیردەچنەوە، بێ ویژدانییە گەر من بڵێم هیچ نەکراوە بۆ هەڵەبجە، بەڵێ کراوە، بەڵام زۆر کەمە و هەرگیز لە ئاست گەورەیی کارەساتەکە و وێرانبوونی ئەو شارەدا نییە، کە دەڵێم وێران بوون مەبەستم هەموو ڕەهەندەکانی وێران بوونە( ئابوری، کۆمەلایەتی، ڕۆشنبیری، دەرونی، ژینگەیی ... هتد).

**بۆپێشەوە: کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە ڕایان گەیاند، کە لیستی بریندارانی هەڵەبجە شێوێندراوە، و کەسانێک خراونەتە لیستەکەوە کە بەرکەوتەی کیمیایی نین و لە ی١٦ سێ دا لە هەڵەبجە نەبوون، بۆچی ئەو لیستانە دەشێوینرێت؟ تەنها لەبەر بەشێک لە منحەیە؟ بە دەقیقی ژمارەی گیانلەدەستدان و برینداری ئەو کۆمەڵکوژیەی هەڵەبجەتان لایە؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** دەسەڵات و حیزب دەیانەوێت لایەنگران و ئەندامانیان ڕازی بکەن، ئیدی بیر لەوە ناکەنەوە، بەوە چ مێژوویەک دەشێوێنن، یان ئەو مێژووە بۆ ئەوان هەر گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە هەواداران و ئەندامانیان لێیان ڕازی بن و لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان پێبدەن. لەبەر ئەوە زۆر ئاساییە دەبێت بەلایانەوە لیستی بەرکەوتەی کیمیاوی و تەنانەت شەهیدەکانیش بشێوێنن، بە داخەوە من ئاماری ورد و دەقیقی برندار و شەهیدانی کیمیابارانی هەڵەبجەم لەلا نییە.

**بۆپێشەوە: دوای تێپەڕبوونی٣٢ ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، تەنها دەوترێت ٥ هەزار کەس بوونە قوربانی، بەڵام هێشتا ئامارێکی فەرمی نییە، کە نیشانی بدات بە دەقیقی قوربانییەکان چەند کەسن؟ چەندیان گیانیان لەدەستداوە؟ چەندیان بریندارن؟ چەندیان پیاو یان ژنن، چەندیان مناڵ و بەتەمەنن؟ هۆی ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** ئەوەی تۆ دەیڵێیت بە دەسەڵاتێکی سیستەماتیک دەکرێت کە لە خەمی میللەتەکەی و مێژوو وە ڕابردوو داهاتوویدا بێت، کە ئەوانەش پێویستی بە چەندین ئۆرگان و لێکۆڵینەوەی ورد و کەسانی پسپۆڕ هەیە، بێگومان ئەوانیش لە خەمی ئەو !خەمە گەورەدا نین

**بۆپێشەوە: دوای ٣٢ ساڵ بەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا، دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان، ئەو کەیسە وەکو سەرمایەی سیاسی بەدەستەوە گرتووە، کەچی بۆ قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە کەمترین هەنگاو نانێت، چۆن دەڕواننە ئەو مامەڵەیەی دەسەڵاتی سیاسی**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** مامەڵەیەکی زۆر نابەرپرسانەیە بەرامبەر هەڵەبجە و کەیسی هەڵەبجە، لەلای دەسەڵات پرسێکی سیاسییە چۆنیان بوێت بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئاوا بەکاریدێنن، هەر وەک گوتم ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجە بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، خەمی گەورەی ئەو دەسەڵاتە نییە.

**بۆپێشەوە: لەئاستی فەرمی و نێو دەوڵەتیدا، چ هەنگاوێکی بەرجەستە نراوە، بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی هەڵەبجە؟ بۆ بەسزا گەیاندنی تۆمەتبارانی ئەو تاوانە؟ بۆ بە جینۆساید ناساندنی؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** هەنگاو بۆ ئەو کارە نراوە، بەڵام دیسان خەمساردییەکی پێوە دیارە و دەکرا کاری شیلگیرانەتر بکرێت و ئەنجام بدرێت.

**بۆپێشەوە: لاتان وایە دەبێ چ بکرێت، بۆ ئەوەی تاوانی کۆمەڵکوژی لەشیوەی هەڵەبجە، دووبارە نەبێتەوە؟ دەوڵەتی عێراق لەوبارەیەوە چی دەکەوێتە ئەستۆ؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** دەبێت لە ئاستی نێودەوڵەتیدا شێلگێرانەتر کار بۆ ئەو دۆسییە بکرێت، هەروەها دەبێت میللەت و گەلانی ئێراق هێندە هۆشیار بن، کە ڕێگانەدەن دیکتاتۆرێک لەشێوەی دیکتاتۆری پێشوو دروست بێت و حوکمڕانییان بکات، دەوڵەتی عێراق لە ئێستادا دەوڵەتێک نییە لەسەر پێکانی خۆی وەستابێت و حوکمی گەلانی ئێراق بکات، دەوڵەتێکە زلهێزەکان و دەسەڵاتە ناوچەییەکان بەڕێوەی دەبەن کاریگەری ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر هەموو بڕیارەکانی. ئەم بە ناو دەوڵەتە خاوەنی هیچ بڕیارێکی خۆی نییە تا بتوانێت بڕیارێکی لەو جۆرەبدات، یان کار بۆ ئەوە بکات کە جینۆسایدێکی دیکە لە مێژووی ئێراقدا دووبارە نەبێتەوە، کە دووبارە بویەوە و هەر وەک لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا بینیمان، چی کرا بە یەزیدییەکان و چییان بەسەرهات.؟!

<u>**به بۆچونی من دەوڵەتێکی عەلمانی دابمەزرێت کە لەسەر بنەمای هاوڵاتی بوون مامەڵە لەگەڵ گەلانی ئێراقدا بکات، نەک لەسەر بنەمای ئاین و نەتەوە، ئەو دەوڵەتە دەتوانێت هەنگاو بنێت وکار بۆ ئەوە بکات، کە هەڵەبجەیەکی دیکە دووبارە نەبێتەوە.**</u>

**بۆپێشەوە: خەڵکی هەڵەبجە، دەبێ چۆن مامەڵە لەگەڵ کەیسی هەڵەبجە و قوربانیەکانی بکەن؟**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی: هەڵەبجە لە ناخی هەڵەبجەییەکاندا برینێکە بەردەوام خوێنی لێ دەچۆڕێت، برینێکە لە ناخی خۆماندا هەڵمانگرتووە و خۆشماندەوێت، ئێمە زۆر تەنها بووین لەبەردەم تۆفانی گازی کیمیاوی و بێ ڕەوشتی ئەم چەرخەدا، ئێستاش هەر تەنهاین، ئێستاش هەر قوربانین، قوربانی ناعەدالەتی و نا بەرابەرییەک کە لەم کۆمەڵگەیەدا بوونی هەیە!**

**ئەردەلان هەڵەبجەیی:** خەڵکی هەڵەبجە دەبێت فشارێکی شێلگیرانە لەسەر دەسەڵات دروست بکەن بۆ ئەوەی دۆسییەی هەڵەبجە ڕاستگۆیانە و زانستییانە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لە هەموو ڕەهەندەکانەوە هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی بدرێت.

**محەمەد حەمە ڕەزا: لەچەندخوولەکێکدا هەزاران مرۆڤ وگیانلەبەرو داروردەخت خنکێنران، بەڵام هێندەی ئازاری ئەو بەناو فەرمانده و پێشمەرگانە بەسۆ نەبوو کە لەبری بەهاناووەهاتن ویارمەتی دانی بریندارو ژن و منداڵی شارەکەم... کەوتنەپەلاماردانی موڵکوماڵی خەڵك، هەڵسوکەوت و کارە نەشیاوەکانیان گەیشتە ئاستێك کەسوپای داگیرکەری ئێران بازگەو خاڵی پشکنینی بۆدادەنان!! و کەلوپەلەدزراوەکانی لێدەسەندنەوە....بەداخەوە ئەو دزو گەندەڵانە تائەم چرکەساتەش حاکم و بڕیاربەدەستی هەرێمی کوردستانن! و یاسا و دادگا بەدەست خۆیانەوەیە، بۆیە کەس ناتوانێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات!**

# دیمانەی بۆپێشەوە لەگەڵ محمد حەمە ڕەزا پێشمەرگەی دێرین و دانیشتووی شاری هەڵەبجە سەبارەت بە تاوانی کۆمەڵکوژی دانیشتوانی هەڵەبجە بەچەکی کیمیایی



**بۆپێشەوە: ١٦ سێ ٣٢ ساڵ بەسەر تاوانی کۆمەڵکوژی کیمیابارانی هەڵەبجەدا تێدەپەڕێت، دوای ٣٢ ساڵ بەسەر ئەو تاوانە، چۆن دەڕواننە ئەو ڕووداوە کۆمەڵکوژیە؟**

**محمد حەمە ڕەزا:** سەرەتا وێڕای سوپاس ودەستخۆشیم بۆ ئێوەی بەڕێز، سەری ڕێز بۆ شەهیدانی ئەو ڕووداوە کارەساتبارە نەوی دەکەم و هاوخەمی و هاودەردی خۆم لەگەڵ کەسوکاری ئەوشەهیدانە و بریندارو بەرکەوتەکان وتەواوی خەڵکی هەڵەبجە نوێ دەکەمەوە...

کاریگەری ئەوتاوانەو قوڵی برینەکانی نەک پاش ٣٢ساڵ، بەڵکو تا دوا هەناسە دێوەزمەیەکە نە لەبیردەچێتەوە و نەلەبەرچاوان ون دەبێت... تاوانێک تێیدا نەک هەر مرۆڤ بەڵکو ئاژەڵ، پەلەوەر، زیندەوەر و دارو درەخت و گژوگیا لەچەند خولەکێکدا بەکوشندەترین و یاساغترین جۆرەکانی چەکی کیمیایی بوونە قوربانی و سەرەتای بەهارێکی سەوزو پاراوی لێکردینە سەرەتای زستانێکی شوم. بۆیە لەو باوەڕەدام کەهەر مرۆڤێکی خاوەن هەست و ویژدان، بەبیستنیش ئەو ڕووداوەی بیستبێت ئەستەمە بەئاسانی لەبیری بچێتەوە..

**بۆپێشەوە: تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە لەچوارچێوەی جەنگی کۆنەپەرستانەی عێراق و ئێراندا ڕوویدا، بۆچی هەڵەبجە کرا بە نیشانەی چەکی کیمیایی؟ ڕۆڵی حزبەکانی ئەوکاتەی بزوتنەوەی کوردایەتی لەو ڕووداوەدا چی بوو؟**

**محمد حەمە ڕەزا:** ئەوتاوانە کۆمەڵێک فاکتەری جوگرافی و مێژوویی وسیاسی و جیۆپۆلەتیکی لەپشت بوون. لەڕووی جوگرافیەوە هەڵەبجە هاوسنووری ئێرانە و لەزۆربەی سنوورە هاوبەشەکەشدا ناوچە شاخاوی وستراتیژییەکان کەبەسەر هەڵەبجەدا دەڕوانن خاکی ئێرانە، ئەمە جگە لەوەی کەهەڵەبجە وەک گیرفانێک چۆتە ناوخاکی ئێرانەوە و لەباکورو ڕۆژهەڵات و باشورەوە ئێران دەورەی داوە. لەڕووی جیۆپۆلەتیکیشەوە کۆنترۆڵکردنی هەڵەبجە لەلایەن ئێرانەوە، واتەگەیشتنی ئێران بەدەریاچە و بەنداوی دەربەندیخان، کە لەوکاتەدا جگەلەوەی سەرچاوەی بەشێکی بەرچاو لەبەرهەمهێنانی وزەی کارەبا بوو، لەڕووی ئەمنی وسەربازیشەوە مەترسیەکی گەورەبوو لەسەر بەغدا لەئەگەری بەردانەوەی ئاوی دەریاچەکەدا. لەڕووی مێژویی وسیاسیشەوە جگەلەوەی هەڵەبجە لەزۆرێک لەڕۆژگارە مێژووییەکاندا بەجۆرێک لەجۆرەکان باکگراوندێکی لەگەڵ ئێراندا هەبووە. لەو ڕۆژگارەشدا زۆربەی حزبە کوردستانیەکانی باشور هاوکارو هەماهەنگ بوون لەگەڵ ڕژێمی ئێران و بەدرێژایی شەڕی هەشت ساڵەی ئێران-عێراق شان بەشانی ئەرتەش وسوپای پاسدارانی ئێران شەڕی ڕژێمی بەعسیان دەکرد. ڕژێمی بەعسیش کەڕق وتووڕەییەکی زۆری بەرامبەر بەهەڵەبجە و خەڵکەکەی هەبوو، لەهەلێک دەگەڕا کەجامی تووڕەیی خۆی بەسەرئەم شارەدا بڕژێنێت. کەبەڕای من بەعسیش بەشێوەی ناڕاستەوخۆ هاوکاری ئێران بوو بۆڕەخساندنی ئەو زەمینەیە، چونکە ماوەی زیاتر لەدوو مانگ کۆماری ئیسلامی ئێران بەئاشکرا سەرقاڵی ئامادەسازی بوو بۆ هێرش کردنە سەرهەڵەبجە، بەڵام حکومەتی بەعس؛ کورد گووتەنی خۆی لێکردبوو بەکەڕەی شەربەت. ئیتر ئەوەبوو سەرەنجام هەڵەبجە بەبێ بەرگریکردنێکی ئەوتۆ کەوتە دەست ئێران، و ڕژێمی بەعسیش پاش کەمترلە ٢٤ کاتژمێر و پاش بۆمبابارانێکی خەستی ئاسمانی کە زیاتر لەنیوەی شارەکەی خاپورکرد، کیمیابارانێکی خەست وچڕی کرد!

**بۆپێشەوە: لەناو جەرگەی تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا، ژمارەیەک بەرپرسی حزبی، خەریکی تاڵانی و دزی بوون، تەنانەت پەنجەی ژن و گەردنی ژنانی کیمیایی لێدراو، بردراو زامدار کرا، بۆ بازنی دەست و ملوانکەی ملیان... ڕەفتاری ئەو بەرپرسانە چۆن تەماشا دەکەن؟**

**محمد حەمە ڕەزا: وەک لەخاڵی یەکەمدا ئاماژەم پێکردوە کە** مەگەر مردن وێنە و دیمەنەکانی ئەوکارەساتەم لەبیربەرێتەوە! بەڵێ هەردوو ڕژێمی ئێران وعێراق گەورەترین تاوانیان بەرامبەرخەڵکی شارەکەم کرد و بەبەرچاوی خۆمەوە سوپای داگیرکەری پاسداران زۆر بێبەزەییانە لەهەموو قۆڵێکەوە پەلاماری هەڵەبجەی داو داگیری کرد و دەرگای تۆڵەسەندنەوەی بۆرژێمی بەعس خستەسەرگازی پشت، و گەورەترین تاوانی بەرامبەرخەڵکی هەژارو بێدیفاع ئەنجامدا و لەچەند خوولەکێکدا هەزاران مرۆڤ وگیان لەبەرو دارو درەخت خنکێنران. بەڵام هەرگیز ئازاری ئەمانە هێندەی ئازاری ئەو بەناو فەرماندە و پێشمەرگانە بەسۆ نەبوو کە لەبری بەهاناوە هاتن ویارمەتی دانی بریندار و ژن و منداڵی شارەکەم... کەوتنە پەلاماردانی موڵکوماڵی خەڵک، و هەڵسوکەوت وکارە نەشیاوەکانیان گەیشتە ئاستێک کەسوپای داگیرکەری ئێران بازگەو خاڵی پشکنینی بۆ دادەنان!! و کەلوپەلە دزراوەکانی لێدەسەندنەوە....بەداخەوە ئەو دز و گەندەڵانە تا ئەم چرکەساتەش حاکم وبڕیاربەدەستی هەرێمی کوردستانن! و یاسا ودادگا بەدەست خۆیانەوەیە، بۆیە کەس ناتوانێ لێپێچینەوەیان لەگەڵ بکات!!

**بۆپێشەوە: تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، بەرگی کەمپەین و ئاکسیۆنی بەبەردا کراوە و هەموو ساڵێک لەو یادەدا حزبەکانی دەسەڵات، دێنە سەر خەت و باقی ساڵەکە و ساڵەکان، کەمترین ئاوڕ لەو کۆمەڵکوژیەی هەڵەبجە دەدەنەوە، لەو بارەیەوە دەڵێن چی؟ حزبەکانی کوردستان هەموو ساڵێک لە یادی تاوانی کۆمەڵکوژی هەڵەبجەدا، دەیان بەڵێن دەدەن، تا ئێستا چی کراوە بۆ قوربانیانی هەڵەبجەو بریندارانی؟ بۆ پاککردنەوەی ژینگەی هەڵەبجە؟**

**محمد حەمە ڕەزا:** نەک هەر هەڵەبجە حزب و بنەماڵەکانی کوردستان سەوداو بازرگانی بەمێژوو و خەبات و قوربانیەکانی گەلەکەمانەوە دەکەن و وەک کاڵایەکی بازرگانی لەخەبات وخوێنی خەڵک دەڕوانن، وحەزئەکەن نەزیفی خوێنی ئەم خەڵکە هەژارە هەرگیز ڕانەوەستێت! هەر بۆنموونە سەرکردەی یەکێک لەحزبەکان لەدانیشتنێکدا گوتبوی " خۆزگە سێ چوارهەڵەبجەمان هەبایە"! هەربۆیە سەران و بڕیار بەدەستانی حزب ساڵانە ڕۆژێک بیر لە ئازارو ژانەکانی هەڵەبجە دەکەنەوە، ئەویش بۆ دوپاتکردنەوەی بەڵێنە بریقەدار و بێکردارەکانیان، کەبەداخەوە تا ئێستاش بەشێک لەم خەڵکە لەخشتە براوە باوەڕ بە گفت و بەڵێنەکانیان دەکات! ئەوەی بۆ هەڵەبجە کراوە هەرچەند زۆر کەمە بەبارتەقای خەبات وخوێن و قوربانیەکانی ئەم شارە، بەشێکی زۆری لەلایەن دۆستانی کورد و ڕێکخراوە خێرخوازەکانەوە کراوە. کەبەڕای من ئەگەر دەسەڵاتی کوردی ڕێگرنەبوایە و لەمپەری دروست نەکردایە زۆر زیاتریان لەئێستا بۆ دەکردین...

**بۆپێشەوە: کۆمەڵەی قوربانیانی هەڵەبجە ڕایان گەیاند، کە لیستی بریندارانی هەڵەبجە شێوێندراوە، و کەسانێک خراونەتە لیستەکەوە کە بەرکەوتەی کیمیایی نین و لە ١٦ سێ دا لە هەڵەبجە نەبوون، بۆچی ئەو لیستانە دەشێوینرێت؟ تەنها لەبەر بەشێک لە منحەیە؟ بە دەقیقی ژمارەی گیان لەدەستدان و برینداری ئەو کۆمەڵکوژیەی هەڵەبجەتان لایە؟**

**محمد حەمە ڕەزا:** بەداخەوە تائێستاش ژمارەی دروستی شەهیدان وبریندارانی کیمیابارانی هەڵەبجە نەزانراوە... چونکە هەلومەرجی ئەوکاتە زۆر نالەباربوو، پاش ڕاپەڕینیش حزبەکان بۆڕازیکردن و ڕاکێشانی خەڵک بۆناوڕیزەکانی خۆیان، نەک هەرشەهید و برینداری کیمیاوی، بەڵکو شیرازەی تەواوی کۆمەڵگەی کوردستانیان شێواند، و جاش وباش وخەباتکار و خیانەتکار و دار و بەردیان تێکەڵ کرد، و هیچ بەها و پیرۆزیەکیان بۆشەهیدان وبریندارن وتێکۆشەران وزیندانیانی سیاسی نەهێشتەوە.. بۆیە بێگومان لیستی شەهید و بریندار و قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجەش وەک تەواوی لیستەکانی تر شێوێندراوە، و خەڵکی ناشایستەی تێهەڵکێش کراوە کەبەشێکی هەڵە و تاوانەکە بەرخودی کۆمەڵەی قوربانیان دەکەوێت، چونکە ئەوانیش وەک سەرجەم کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی تر لەژێرهەژموونی حزبە باڵا دەستەکاندان. بەداخەوە کە هەرگیز نەدەبوو وابێت.

**حزب و بنەماڵەکانی کوردستان سەوداو بازرگانی بەمێژوو و خەبات و قوربانیەکانی گەلەکەمانەوە دەکەن و وەك کاڵایەکی بازرگانی لەخەبات وخوێنی خەڵك دەڕوانن، وحەزئەکەن نەزیفی خوێنی ئەم خەڵکە هەژارە هەرگیز ڕانەوەستێت! هەر بۆنموونە سەرکردەی یەکێك لەحزبەکان لەدانیشتنێکدا گوتبوی "خۆزگە سێ چوار هەڵەبجەمان هەبایە"!**

## درێژەی... دیمانە لەگەڵ ئازاد مەجید سەبارەت بە ئەزموونی شوراکان لەشاری کەرکوك

لەمەیدانی سەربازیدا، خاوەن هێزێکی مودەرەب و شارەزا لەکاروباری شەڕ و سەربازیدا، نەبوونی کادری شارەزاو سەردەرچوو لەکاری سەربازیدا بەتایبەت بکەویتە بەرەنگاربونەوە لەگەڵ دڕەندترین دەوڵەتی عەسکەری وەکو عێراقدا، کارێکی هەروا ئاسان نییە. جگە لەوە هێزیکی یەک دەست نەبوین، خاوەن حیزبێکی کۆمۆنیستی قاڵ بووی خەبات لەهەموو مەیدانەکاندا، خاوەنی بەرنامە و ڕابەڕانێکی کۆمەڵایەتی ناسراو لە ئاستی بزووتنەوەی شوراییدا و لەنێو چینی کرێکار، خاوەنی پایەیەکی بەقوەت نەبی، ناتوانی وەڵامدەرەوەی زۆرێک لەوکێشانە بی. لەحاڵەتێکی وادا کۆمەڵێک کادرو گروپی جیاواز بەتەسەوری جیاوازەوە ناتوانیٚ خاوەن هێزێکی ئاوابێت. ناتوانیٚ لەوەزعیەتێکی وادا ئەو توانایيە لەخۆی نیشان بدات شەڕی بەرەنگاربونەوە بەقازانجی خۆی یەکلا بکاتەوە. لەکاتێکدا بەعس وەک وەحشێکی دڕندە و بریندار دەیەویٚ ئەو ناوچانە داگیربکاتەوە و بگەڕێتەوە، ئەمریکاش زەمینەی گەڕانەوە و اتفاقی بەقازانجی خۆی فەرز کردبوو بەسەر عێراقدا، دەیویست دیسانەوە مەجال بەبەعس بدا بۆئەوەی جارێکی تر لەبەرامبەر نفوزی ئێراندا فرسەتێکی تری بداتیٚ و ڕێگە بەدەسەڵاتداریتی ئەحزابی شیعی سەر بەئێران نەدا. هەر بۆیە بە شێوەیەکی دڕندانە دەستیکرد بەهێرش، و لەکەرکوکەوە دەستی پێکرد بۆ سەرکوردستان، لەچەند شوێن لەنێوان کەرکوک و چەمچەماڵ چەند کەس لەخەڵک گیانیان لەدەستداو کوژران و تەرمەکانیان جێمابوو، دواتر تەرمەکانیان بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە شوێندرابوون، ئنجا وەک تاکتیکێک پاشەکشەیان کردوو و تەرمەکانیان جێهێشت، بۆ ئەوەی خەڵک بەبینینی بترسێت و مەعنەویاتی هێزی بەرامبەر بشکێنیٚ، فیعلەن ئەوانە دەوریان بینی. دواتر هێرشیان هێنا توانیان شارەکان بە خەڵک چۆڵ بکەن.



لەگەڵ ئەوەی هێزەکە نابەرابەر بوو، و لەولاوە بەرەی کوردستانی هیچ مقاوەمەتی نەدەکرد و لەکەرکوک ئێوارەکەی شاریان جێهێشتبوو، کەچی بەخەڵک و تەنانەت بەحیزبەکانی تریان نەوتبوو بەهەمان شێوە لەچەمچەماڵ و هەموو شارەکان چوڵکران. لەکاتێکی وادا شوراکان ئەوهێزە نەبوون کە بەتەنها بتوانن لەشەڕێکی وادا بەرەنگاریەکی جدی لەخۆیان نیشان بدەن.
بەهەرحاڵ لەچەند شوێن بەرنگاربوونەوە شەڕ ڕویدا، ئەوەبوو لەتاسلوجە و هەولێر و چەند شوێنی تر چەن کەس گیانی خۆیان کردە قوربانی، وە لەناویاندا هەلسوڕاوانی بزووتنەوەی شوورایی لە کەرکوک و سلێمانی و هەولێر گیانی خۆیان بەختکرد بۆ بەرگریکردن لە جەماوەری ئاوارە، و سەروەری و مێژوویەکیان بۆ ئەو بزووتنەوەیە تۆمارکرد.
بۆیە حەتمەن لەشەڕێکی وادا تەرازوی هێز بەقازانجی تۆ نابێت و، بەناچاری پاشەکشە دەکەیت.

## درێژەی....بەکر عەلی: یوسفی شیعری کوردی خنکاوی دەستی براکان!!.

درابێت بەمانای ماناکان یان بەلادانی پێوەرەکانی زمان وەک پێشخستن ودواخستنی ڕستەو فارەیز و گەمە ڕەوانبێژییەکان..

سەرنجی ئەم دەربڕینانە بدەن، کە بەکر عەلی بەشیعر دەری بڕیوە.

ئەو پرچانەی لە جۆگەلە درێژتر بوون. ل ١

پرچەکانت دوو چرای قوڕگ هەڵکەنراون... ل ٢

هۆ ئەو کچەی لاسارتری لە ڕەشەبا. ل ٧

خۆشەویستیتان سەگێکە پێم ئەوەڕیٚ. ل ١١

مەڵۆی فڕیوی جوتیارن. ل ١٣

رووبارێک بووی پەلت گرتم*.

لەقەسیدەی (ترێی تاڵ)دا

مەبەستی بەکر عەلی لە ماناو دەلالەتی ئەم دەربڕینە شیعرییانەی، دەیەویٚ ئاڕاستەی خوێنەر بگۆڕیٚ لەو ئاڕاستە مێژووییە سادەیەی هەیەتی بۆ ئاڕاستەکردنی ئیحایەکی پڕ لەمانا، واتە شاعیر دەیەویٚ خوێنەر خۆی هەڵکۆڵین لەناو دەقەکانیدا بکات، تاوەکو دەگاتە ئەو دەرئەنجامە گشتگیرەی کە کرۆکی شیعر بۆ ئەوی موتەلەقیش گەیشتن نابیٚ بە ڕێگایەکی دیاریکراو، بەڵکو خودی ڕێگاکە خۆیەتی بەڵام پێویستی بە دۆزینەوەیەتی .وەک لە لاپەڕە ٣٠دا دەڵیٚ..

"وەک تولەڕێی قەدپاڵێکی گوێژە تەنیام!"..

ڕستە شیعریەکانی بەکر عەلی، لەسەرەتادا سەرنجت ڕادەکێشیٚ، تاوەکو لەگەڵ خۆیدا بتبات، دواجار دەگەیەت بەو فۆرمەی کە شاعیر مەبەستی تایبەتی خۆی هەبوە لەبەکارهێنانی دا، تاوەکو لەدەلالەتی وشەکانی دواتر تیٚ بگەیت، وەک ئەو دێڕە شیعرەی سەرەوە،کەدەڵیٚ، وەک تولەڕێی قەدپاڵێکی گوێژە تەنیام، واتە شاعیر گەرچی دەیەویٚ خوێنەر لەو تەنیاییەی بگات، بەڵام هەر بەتەنها مەبەستی ناساندنی تەنیایی خۆی نەبووە، بەڵکو ویستویەتی لەگەڵ فۆرمی تەنیایی خودی خۆی بیبەستێتەوە بو تەنیایی توللە ڕێگایانەی کە دەتباتەوە بۆ قەدپاڵی چیای گوێژە، بەواتا شاعیر لەفۆرمە گشتیەکەدا دەیەویٚ بلێت هەر من تەنیا نیم، بەڵکو ئەوە قەدپاڵێکی شاخی گوێژە دەبینریٚ، ئەویش تەنیایە، تەنیایی قەدپاڵی گوێژە لای شاعیر مانایەکی گشتگیر تری هەیە لەڕووی چینایەتیەوە..

یان ئەڵیٚ;

هۆ ئەو کچەی لاسارتری لەڕەشەبا ل ٧

شاعیر لەڕێگای ئەو وشانەی وەک هایکۆ شیعرین لاساری یارەکەی گرێداوەتەوە بە ڕەشەبا، دیارە ڕەشەبا هەموو شتێک تێک و پێک دەدا بەسەریەکاو قەڕەباڵغە، لاساری یارەکەشی بەو ڕەشەبایە ئەچوێنیٚ.

**.چارەنووسی شاعیرلە باوەشی نیشتماندا**

شاعیر لەم پەیڤە شیعریەدا چ لەناویدا بێت و چ دوور بێت لێی، هەر هەست بە نامۆیی دەکات، بەڵام وەک (کیرکیگارد) بۆی چووە، دژوارترین جۆری نامۆیی، لەخۆ بێگانەبوونە، چونکە هەوێنی ئەوپەڕی بزربوون و تاریکترین نائومێدییە.

لە وڵاتە بچکۆلەکەی دڵی خۆشما پەناهەندەم. ل ٣٣

زەمەن و شوێن لەزمانی شیعری بەکر عەلی

ئەمشەو من و پەنجەرەکەم

دوو تەریکی

شارێکی پڕ لە تلیاک و

کەڵبەو قەڵەمی سۆزانین. ل ١٠

ئەم سەدەیە

سەدەی دۆلار و قەحبەیە. ل ٨

بەکر عەلی ئەو زەمەنەی تیایدا ژیاوە، چ وەک شوێن بە شوێنێکی ناتەندروستی چواندوە، کە مەبەستی ژیانکردن لە کوردستاندا هەوای پاکی تیا هەڵنامژریٚ، بەڵکو ئەو ئەتمۆسفیرەی شارەکەی بەکر عەلی ژەهرێکی کوشندەی مادەی هۆشبەر خەریکە دایگری دەکات، بەهۆی سیاسەتی چەوت و پەروەردەی هەڵەوە.

دواجار بەکر عەلی شاعیر، لەم دیوانە شیعرەدا کەبەناوی کاسکێتەکەم بسپێرن بە پایز، خاوەنی وشەو زمانی شیعر بەخۆیەتی و لەڕێگای وشەکاریەکانیەوە دەتوانریٚ شیعرەکانی بناسرێتەوە.

**جمال نوری**

## درێژەی دوا وتە

هەڵبستن و هاوڵاتیان بپاریزن.. لەوەش واوەتر نابێت ئەم هەنگاوانە دەنرێن، ببێتە هۆی ئەوەی کە سلکی وێڕانەیی تەندروستی و بازرگانانی ئەو بوارە، لە نوکی رەخنەو نارەزایەتی خەڵکی بپارێزیت کە نزیکەی ٣٠ ساڵە، کایە بەژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان و تەندورستیانەوە دەکەن. دەرمانی ئیکسپایەر، کۆن و بیٚ کوالیتی، نرخی زۆری دەرمان و عیادەکان، هاتنەخوارەوەی خزمەتگوازری گشتی و خزمەتی خەستەخانە حکومیەکان و دەست ئاوەڵاکردنی کەرتی تەندروستی تایبەتی بۆ خاڵیکردنەوەی گیرفانی هاوڵاتیان. ئەو راپۆرتانەی لە میدیاکان و دەزگا راگەیاندنەکانەوە بڵاوبوونەتەوە، لەسەر سلکی تەندروستی، هەموویان جێگای رەخنەو نارەزایەتی جەماوەری بێبەشی کوردستان و ئۆردی برسییەکانی کۆمەڵگەن... نابیٚ ریگە بدرێت هەوڵەکانی ئیستای دەسەڵاتداران کە ئەرکی خۆیانە، وەکو رووسپیکردنەوەی ئەو سلکە تەماشابکرێت. هەروەکو چۆن بەرگری پیشمەرگەو هێزی چەکدار لەچەند شوێنێک لەبەرامبەر بەداعشدا نەیتوانی رووی ئابڕوبەرانەی دەسەڵات و هیزە چەکدارەکانی لە جینوسایدی خەڵکی شەنگالدا، سپی بکاتەوە و بەرگی پیرۆزی بۆ مەبەستی تر بکەن بە شان و باڵی هیزەکانیاندا.
حکومەت و دەسەڵاتی کوردی بەخستنەگەری میدیاکانیان و نیشاندانی کادرە دەم گەرمەکانیان، سەبارەت بە هەوڵەکانیان" کە دیار نییە بەکردەوە چییە و بە کویٚ دەگات" دەیانەوێت، خۆیان لە رەخنەی جەماوەری سەبارەت بەدەسەڵاتیان بپارێزن و هاوکاتیش شانی خۆیان لە دزی و تاڵانی وێرانەیی سلکی تەندروستیدا خاڵی بکەنەوە... سلکی تەندروستی لایەنێکی هەرە گرنگی هەر کۆمەڵگەیەکە، ئەو بوارە دەبێت زۆرترین گرنگی پێبدرێت و بودجەی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت و توانایی دکتۆر و کارمەندکانی، ببرێتە سەرەوە و پێداویستی خەستەخانەکان و بنکە تەندروستیەکانی بۆ زامن بکریت و ژمارەی خەستەخانەو بنکە تەندروستیەکان زۆر بکرێن... وە بەهیچ جۆرێک نابیٚ ریگە بدرێت حکومەت شانی خۆی لەبەرامبەر بەو سلکەدا خاڵی کاتەوە، لەبەر خاتری کەرتی تایبەتی، یان ڕیگەبدرێت ئەو کەرتە بە کەرتی تایبەتی بفرۆشرێت. زەمانی تەندروستی پیویستە بۆ هەموو هاوڵاتیان بەبیٚ جیاوازی فەراهەم بکرێت و بەخۆرایی بکرێت... ئەوە مافی سەرەتایی هەر هاوڵاتییەکە.
پوختەی کەلام.... خۆپاریزی هاوڵاتیان نابیٚ ببێتە هۆکار بۆ بێموچەیی و هەژارکردنی زیاتریان و شانخاڵی کردنەوەی دەسەڵات لە قەرەبووکردنەوەیان، هەروەها دەسەڵات ئەرکی خۆیەتی هەنگاوی پێویست بگرێتە بەر بیٚ ئەوەی فەزڵ فرۆشی بەسەر هاوڵاتیاندا بکات... لەهەموو ئەوانەش واوەتر سلکی داروخاوی تەندروستی بەو هەنگاوانەی لەبەرامبەر بە کۆرۆنادا دەینێت، ناتوانێت خۆی لەو رەخنە قوڵە جەماوەرییە دەرباز بکات، کە نزیکەی ٣٠ ساڵی رەبەقە، لە پێناو سودی چەند بازرگان و چاوچنۆکێک بەرەو داروخان دەبرێت. دیارە لە کۆتاییدا دەبیٚ سوپاس و ریز ئاراستەی ئەو پسپۆر و دکتۆر و کارمەندانە بکرێت کە خۆبەخشانەو لیبڕاونە، و بەو پەڕی دڵسۆزییەوە رێنمایی و هوشیاری بڵاودەکەنەوەو ماندو نەناسانە، بۆ بەرگری لە تەندروستی هاوڵاتیان تێدەکۆشن.

**عەبدوڵا مەحمود**

**بنیاتنانی ئایندە و جیهانێکی باشتر، بەدەستی خودی ئینسان، زەروری و مەیسەرە...پێویست و لە تواناداپە!**

بۆپێشەوە
FORWARD
بڵاوکراوەیەکی سیاسی سۆشیالیستییە
Forward

بۆپێشەوە
سەرنووسەر: عەبدوڵا مەحمود
ڕاوێژکاری سەرنووسەر: ڕێبوار ئەحمەد
بۆناردنی بابەتو پەیوەندی: bopeshawa@gmail.com
بۆ پەیوەندی بەسەر نووسەرەوە:
abdulla.mahmud@gmail.com
بۆ خویندنەوەی بابەت و وتارەکانی بۆ پێشەوە سەردانی
سایتی بۆ پێشەوە بکەن:
www.bopeshawa.net

هاوکاری سەرنووسەر: ئاراس ڕەشید
نووسەرانی ئەم ژمارەیە:
ئاراس ڕەشید، عەبدوڵا مەحمود، شوانە حەسەن، کاوان قادر، هیوا ساڵح، حەکیم میرزا عەبدالرحمن رەسوڵ، سەردار عەبدوڵا، کەیوان نوری، عومەر دەرویش، جەمال نوری، بژار

## دوا وتە



### کۆڕۆناو مافی هاوڵاتیان!

بێگومان خۆپاراستن لە نەخۆشی کۆرۆنا و ریگەگرتن لە بڵاوبوونەوەو تەشەنەسەندی، هەنگاوێکی ئیجابی و هاوکات زۆر پێویستە... دیارە لەهەر وڵات و دەوڵەت و شوینیکیشدا چەند زوو پلان و ئامادەکاری کراوە، نەخشەی پارێزگاری لە هاوڵاتیان دەستی بۆبراوە، بەهەمان ئەندازەش کاریگەری داناوە لەسەر ڕیگەگرتن و بڵاوبوونەوەی. لەهەر جێگاو شوێنکیش خەمساردانە مامەڵە لەگەڵ نەخۆشییەکە و ڤایرۆسەکە کراوە، بۆتە مایەی تەشەنەسەندن و بڵاوبوونەوەو زۆربوونی قوربانیەکانی.

وەکو پسپۆران و شارەزایانی بوارەکە دەڵێن خۆپارێزی و مانەوە لەماڵەوەو نەچوون بۆ شوێنە گشتی و قەرەباڵغەکان، هەنگاوێکی کاراو کاریگەرە بۆ خۆپاریزی و رێگەگرتن لە بلاوبوونەوەو تەشەسەندنی.

بۆ ئەو مەبەستەش لەهەموو جیهاندا کە ئەم ڤایرۆسە هەرەشەی لێدەکات، ئەو رێگایە دەستی بۆبراوە، بەڵام نابێ بیرمان بچێت، کە خۆپاریزی و لەماڵەوە مانەوەی هاوڵاتیان، کریکاران و کارمەندان، دوکاندار و دەستفرۆشەکان.. تاد، ژیانیان و موچەکانیان یان قەرەبووکردنەوەیان لەبەرچاو گیراوە.

ئەم هەنگاوی خۆ پاریزییە، بەهیچ جۆرێک نابێت ببێتە مایەی خاڵی بوونەوەی سفرەی کریکاران و کارمەندان و کاسبکاران، بەتایبەتیش لە کەرتی تایبەتیدا. نەچوون بۆسەرکار، داخستنی کارخانەکان، قوتابخانەو شوێنە گشتییەکان، دوکان و بازار و ساڵۆن و چیشتخانەو گازینۆ و هۆڵە وەرزشییەکان، راگرتنی کاری دەستفرۆشان و راگرتنی هاتوچۆۆی تەکسی و پاسەکان...تاد... بۆ بەشێکی زۆری هاوڵاتیان بەمانای لەدەستچوونی کارەکانیان دیت... بژیوی ژیانیان دەخاتە مەترسییەوە، دەوڵەت و حکومەت و دەسەڵات بەپرسن لەوەی کە موچە یان قەرەبووی ئەو هاوڵاتیانە بکەنەوە کە بەهۆی خۆپارێزی لە نەخۆشی و ڤایرۆسی کۆرۆنا بەناچار لەکارو کاسبی دەکەون. ئەگەر نا هیچ حکیمەتێک بۆ ئەو دەسەڵاتە نامێنێتەوە کە بەهۆی فایرۆسی کۆڕۆناوە ڤایرۆسی برسێتی و خاڵی کردنەوەی سفرەکانیان لەبەرچاو نەگرێت.

لایەنێکی تر ئەوەیە هەنگاوەکانی پاراستنی هاوڵاتیان و شوینی کارو ژیانی خەڵکی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لەلایەن دەسەڵات و دام ودەزگا پەیوەندیدارەکان، هەرگیز بەمانای بەپیرۆزراگرتنی ئەم دەزگاو لایەنە پەیوەندیدارانە نییەو ئەوە ئەرکی... حکومەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانە بە ئەرکی خۆیان

بۆ لاپەرە 13

# بۆ شورا کرێکارییەکان

## هۆنراوەی: بژار

هەتاوە مەزنەکەی هەڵاتووی گلێنە
تاریکی داگرە
بۆ ئەمرۆ لەتیشکت بەلافاو برژێنە
دەمێکە ئەبینم تورەییت ئاگرە
ئاگربە! باستەم
بیێتە ئەستێرەی کوژاوە
ئاگربە! بایتر
وەک ڕێژنەی بروسکە برژێتە دونیاوە
هەڵسانە و هەڵمەتی بازووی تۆ
تیژرەوە.. وەک هەڵۆ
شاڵاوی بورکانیت
ڕژێمی بۆرژوای خستۆتە شەکوشۆ
هەڵسانەوە مەهێڵە
بۆرژوا بەرگی تر کاتە بەر
پربەدەم هاوارکە:
"کۆمۆنە" ی "پاریس" ین
لە عێراق دێینە دەرا.
دارستان لە ئاستی
شاڵاوی سووری تۆ. نە چرەو نەزەبەنگ
کام شەپۆل گەورەیە لەکاتی جوڵانتا
نایەوێ دەرکەوێ نەبەرووو نە بەدەنگ
دەرکەوە ئەی هێزی شۆڕشی ئۆکتۆبەر
دەرکەوە ئازادی هەر بەتۆ دێتەدەر

دەرکەوە! سامانی دوای تۆف و کرێوەی
دەرکەوە! ئەزانم دەمێکە بەرێوەی
دەرکەوە، وەک ئەوەی
شۆرشت بلێسەی سەند بێ
دەرکەوە، وەک ئەوەی
حکومەتی شوراییت
سەراسەر وڵاتی عێراقی گرتبێ! هەوری سوور بباری
وا کۆمەڵ چاوەڕێی بارانی پشکۆیە
ئەی شورای کلپە سێن!
راپەرە شۆرشی نەوەستاو بە تۆیە
کە دەنگی ئێوە دێ
قەڵبەزە شەرم ئەکات هاژەی خۆی دەربڕێ
لە سیمای ئێوەدا
پرشنگەو بە لێشاو تاریکی سەر ئەبرێ
هەر ئێوەن برینمان گۆشتەوە زوون دێننەوە
بەهاری رۆیشتوو جریوە ئاسایی بۆ دڵمان دێننەوە
ئەی شورای کرێکار هەوری سوور کلپەسێن!
نەهێڵن بۆ رێگای بۆرژوا لابدرێن
رۆژێکە و هاتووە! دەسەڵات وەرگرە
ئەزموونە زۆر هەیە
سەرمایە نەفەوتێ هەمیشە پەنگرە!

مارتی 1991


### خوێنەرانی ئازیزی بۆپێشەوە...

1-4-2020 سێ ساڵێک بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی بۆپێشەوەدا تێپەردەبێت... بەبۆنەیەوە تەوەرەیەکی تایبەت لە ژمارەی داهاتوودا دەکەینەوە بۆئەوەی بۆچوونی ئێوە لەسەر سالانی رابردووی بڵاوکراوەکە بزانین، بۆ ئەو مەبەستە داوا لە ئێوەو هەر هاورێیەک دەکەین... کە بەوپەرێ ئازادییەوە دەتوانن بۆچوونی خۆتان لەسەر ساڵانی رابردووی بۆپێشەوە دەرببڕن، لەگەڵ هەر رەخنە، سەرنج، تێبینی، پێشنیارێک کە هەتانە...

لەگەڵ سڵاوی تایبەتی ستافی بۆپێشەوە

### دوو بەرهەمی هونەرمەندان عومەر دەروێش و سەردار عەبدوڵا بەبۆنەی هەشتی مارسەوە





Omar Darwesh